پێکهاتەیەکی سەر بە حەشد، جگە لە دزی و ڕێگری و چەتەیی سیاسەتی بەرتەسکی تایبەتی پەیڕەو دەکەن

لقی14ی پارتی: هاووڵاتیان شاهیدن دەیانەوێ مەزهەب و ئایینی خەڵکی بە زۆر بگۆڕن

لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، ماوەی چەند ڕۆژە گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک کە پێکهاتەیەکی سیاسیی سەر بە حەشدە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێ بە هاوکاریی ئەمەریکا حەشد لە دەشتی نەینەوا دەر بکات، بەڵام هاووڵاتیانی پارێزگای نەینەوا شاهیدن کە لەو کاتەوەی چەکدارەکانیان هاتوونەتە ئەو ناوچانە، ژیانی خەڵکیان تێکداوە و جگە لە دزی و ڕێگری و چەتەیی، سیاسەتی بەرتەسکی تایبەتیش پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێ مەزهەب و ئایینی خەڵکی ناوچەکە بە زۆر بگۆڕن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5930)ی ساڵی شەشەم 11ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

بالْیۆزخانەی ئەمەریکا بۆ هاووڵاتییانی:

بۆ هەر کارێک سەردانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بکەن

بالْیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا هۆشدارییەکی نوێ بۆ هاووڵاتییانی وڵاتەکەی لە عێراق بڵاو دەکاتەوە و داوایان لێدەکات خۆیان بەدوور بگرن لەو ناوچانەی عێراق کە خۆپێشاندانیان تێدا ڕێکدەخرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هەولێر ـ بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبوونەوە



بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی عێراق جەختیان لەسەر هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاساییبوونەوەی دۆخی عێراق و گەرانەوەی ئارامی و سەقامگیری و ڕاستەڕێبوونی پرۆسەی سیاسی لە وڵات کردەوەوە.

ئێوارەی دوێنێ دووشەمە 2020/2/10 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز محەمەد عەلی ئەلحەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا دواییەن پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی وڵاتیان تاوتوێ کرد و تیشکیان خستە سەر داواکاریی ڕەوای خۆپیشاندەران لە خزمەتگوزاری و ئێستا و ئایندەیەکی باشتر و ئەو مامەڵە تونده‌ی ڕووبەڕووی دەبنەوە، جەختیشیان لە هەوڵ و هەنگاونانی جددی بۆ بنەبڕکردنی تووندوتیپی بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کردەوە.

تاوتوێکردنی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و فراوانبوونی جموجوڵی تیرۆرستانی داعش لە چەندین ناوچەی جیای عێراق و گرنگیی ڕۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان، هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی عێراق، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولا، بەشێکی دیکەی کۆبوونەکە بوون.



هەولێر.. یادی یۆبیلی زێڕینی دامەزرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد کرایەوە

دوێنێ دووشەمە 2020/2/10 یەکێتیی نووسەرانی کورد لەیادی 50 ساڵەی دامەزراندنیدا، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکێتیی نووسەران لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک و هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە ڕێوڕەسمێکی لە شاری هەولێر بەڕیوەبرد. تێیدا وێڕای بەڕێوەبردنی چەند پانێلێکی جیاواز، هاوکات خەڵات بەسەر بەشێک لە نووسەرانی کورددا دابەش کرا. لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کاک مەم بۆتانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، وتاری نووسەرانی خوێندەوە.

هاوکات حەمەی حەمەسەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمبارەوەی وتارێکی پێشکەش کرد و لە بڕگەکانی دیکەشدا فیلمێکی دیکیۆمێنتاری و بەڵگەفیلم لەبارەی میژوو و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوو خرایەڕوو. هاوکات لەگەڵ دانی خەڵات بە نووسەران کۆمەڵێک بڕگەی تایبەتی میوزیک و شیعری تێدابوو.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان پشووە

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی سەرما و سۆڵە ئەمڕۆی کردە پشوو، لەوبارەیەوە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێدوانێکی ڕاگەیاند ئەمە دەقەکەیەتی:

ڕۆژی سێشەمە 11ی شوباتی 2020بە هۆی ئەو سەرما و سۆڵەی کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، لە تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە.

د. جوتیار عادل

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان

محەمەد تۆفیق عەللاوی سەردانی هەولێر دەکات

بڕیارە هەفتەی داهاتوو، ڕاسپێردراو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا ڕایگەیاند: بڕیارە هەفتەی داهاتوو ڕاسپێردراو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بەمەبەستی گفتوگۆ و هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە.

جێی باسە ڕۆژی یەکی ئەم مانگە سەرکۆماری عێراق، دوای دوو مانگ لە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق ڕاسپارد.

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردووش خۆپیشاندەران، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدییان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد.

قایمقامی شنگال هۆشداریی دەدات لە هەمبەر گواستنەوەی پاشماوەی تیرۆریستانی داعش بۆ سنووری شنگال

قایمقامی شەرعیی شنگال هۆشداریی تووند دەدات لە هەوڵێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، بەرامبەر بە گواستنەوەی پاشماوەی تیرۆریستانی داعش لە کەمپی هۆل لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆ شنگال. مەحما خەلیل، قایقامی شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق سەرقاڵی گواستنەوەی خێزان و منداڵانی چەکدارانی داعشە بۆ کەمپی "عەمەل" لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕەوتی سەدر بۆ سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو: بەغدات لێدەکەینە دۆزەخ

کازم عیساوی ئەندامی ڕەوتی سەدر هەڕەشەی ڕووخاندنی حکوومەتی نوێی عێراقی لەماوەی سێ ڕۆژدا کردووە، ئەگەر ئەو حکوومەتە لە کەسانی حزبی پێکبهێندرێت، «عێراق سەراوگێڕ دەکەینەوە و دەیکەینە دۆزەخ بۆ عەللاوی». **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



نیوەی پرۆژەی دروستکردنی تونێلێ چیای بەنی هەریر تەواو بووە

بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگادار بوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پرۆژەی ستراتیژی تونێلی (چیای بەنی هەریر)، سەرلەبەیانی دوێنێ دووشەمە د.فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر هاوڕێ لەگەڵ ئەندازیار دانا عەبدولکەریم حەمەسالح، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندازیاران و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە، پرۆژەی ستراتیژی دروستکردنی تونێلی چیای بەنی هەریری بەسەرکردەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یادی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد:

باوەڕی تەواومان بەوەیە کە وشەی جوان، بیری جوان، مرۆڤی جوان، زادەی ژینگەیەکی ئازادن

یەکێتی نووسەرانی کورد یەکێک لە مەتەرێزە خۆڕاگرەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو



دوێنێ دووشەمە 2020/2/10 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە یادی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کوردیدا، پەیامێکی ئاراستەی ڕێڕەسمی یادەکە کرد، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند "چاوەڕوانیی ئێمە لە نووسەرانمان، لە نێوخۆدا، بینینی ڕۆڵی کاریگەریانە لە پتەوکردنی بنەماکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکسانی و خۆشویستنی ژینگە و کۆمەڵگە و نیشتمان. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئامادەبوانی بەڕێز،
ئامەنگگێڕانی یادی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد..
سڵاوتان لێ بێت،

پیرۆزباییی ئەم بۆنە مێژوویییە لە ئێوەی بەڕێز و تەواوی نووسەران و ئەدیبانی کوردستان و دەستخۆشی لە ئامادەکارانی ئەم ڕێوڕەسمە دەکەم.

ئەم یادە، ڕێزگرتنە لە نیو سەدە خەباتی ڕێکخراوێکی سەنگین و بەهەڵێست، ڕێزگرتنە لە قەڵەم و هزر و بەرهەم و بەخششی کاروانی پەنجا ساڵەی نووسەرانی کورد کە هەمیشە لە سەنگەری گەلەکەیدا بوون و یەکێک لە مەتەرێزە خۆڕاگرەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو، هەرواش دەمێنێتەوە.

یەکێتیی نووسەرانی کورد پەنجا ساڵ لەمەوبەر وەک دەستکەوتێکی شۆڕشی ئەیلوول و بەرهەمێکی ڕێککەوتننامەی ئاداری 1970 دامەزرا. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە و کۆڕی زانیاریی کورد، بەڵگەیە کە شۆڕشی کوردستان تەنیا چاوی لە دەستکەوت و مافی سیاسی نەبوو، بەڵکو خزمەتکردن بە کولتوور و زمان و ئەدەب و داهێنان، هێندەی مافە سیاسییەکان بەلاوە جێی بایەخ بووە.

یەکێتیی نووسەرانی کورد لە پەنجا ساڵەی تەمەنی خۆیدا، سەرباری خزمەتی ئەدەب و کولتوور، لە مەیدانی بەرگری و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەییشدا، نموونەی خۆڕاگری و چاونەترسی و سیمبولی بەردەنگاربوونەوەی ستەم و سەرکوتکاریی ڕژێمە خۆسەپێنەکان بووە.

بەڕێزان..

باوەڕی تەواومان بەوەیە کە وشەی جوان، بیری جوان، مرۆڤی جوان، زادەی ژینگەیەکی ئازادن، هەموو هەوڵێکیشمان لە ڕابردوو و ئێستاشدا بۆ ڕەخساندنی ئەو ژینگەیەیە، چونکە ژینگەی دروستی نووسین و داهێنان، ئەوەیە کە تیایدا ئازادیی بیر و بۆچوون و ڕادەربڕین، بەهایەکی بەنرخ بێت، ژیان و جوانی ڕێزلێگیراو بن.

چاوەڕوانییی ئێمە لە نووسەرانمان، لە نێوخۆدا، بینینی ڕۆڵی کاریگەریانە لە پتەوکردنی بنەماکانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان و یەکسانی و خۆشویستنی ژینگە و کۆمەڵگە و نیشتمان.

نووسەران و ئەدیبان پرد و ڕایەڵەی پەیوەندیی نێوان گەلانی خۆیان و جیهانن، ئامادەییی هەر نووسەرێکی کورد لە کتێبخانەکانی دنیادا، ئامادەبوونی ناسنامە و میژووی گەلێکە، بۆیە گرنگە نووسەرانمان هەوڵی جددی بدەن بۆ تێپەڕاندنی سنووری کوردستان و وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان بۆ زمانە زیندووەکانی دنیا و نەخشاندنی جێدەستی کوردستان لە جیهانی داهێنان و جوانیدا. لەم یادە پڕ شکۆیەدا، دروود بۆ گیانی پاکی ئەو نووسەرە شەهیدانەی لە سەنگەری بەرگری و زیندانە تاریکەکاندا گیانی پاکیان بە خاک و گەل و وشە بەخشی. سڵاو و ڕێز بۆ خانەوادە سەربەرزەکانیان. سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم ئەو نووسەرانەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی گەشە و پێشکەوتنی گەلی کوردستان بەخشی.

ئەم یادە لە هەموو نووسەران و ئەدیبانی کوردستان پیرۆز بێت. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هەر شاد و سەرفراز بن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/2/10

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد بڵاوکردەوە:

مەسرور بارزانی:

ڕۆڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا لەیاد ناکرێ



دوێنێ دووشەمە 2020/2/10 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند "ڕۆڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە داکۆکیکردن لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا لە یاد ناکرێ کە بە بەرهەمە بە نرخەکانی، خزمەتێکی زۆری بە بزووتنەوەی ڕووناکبیریی نەتەوەکەماندا کردووە". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد

بەبۆنەی یۆبیلی زێڕینی یەکێتیی نووسەرانی کورد، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم. بێگومان ڕێکخراوەکەتان ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری لە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەلی کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتیش لەپاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا. هەروەها ڕۆڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە داکۆکیکردن لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردستاندا لە یاد ناکرێ کە بە بەرهەمە بە نرخەکانی، خزمەتێکی زۆری بە بزووتنەوەی ڕووناکبیریی نەتەوەکەماندا کردووە.

ئومێدی پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم و هیوادارم لە کاروانی پڕ پەخشتان لە پێناو خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا بەردەوام بن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/2/10

هێمن هەورامی: هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر نووسینەوەی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان



سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 2020/2/10 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نوسینگەی خۆی لەتەلاری پەرلەمان پێشوازیی لەشاندێکی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان کرد کە پێکهاتبوو لە باربارا وۆلف کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان و باربارا شۆماخەر بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئابووری و هاوکاریی مرۆیی لە کونسوڵخانەکە.

لەدیدارێکدا کە فەیسەڵ عەباس و بەڵێن ئیسماعیل و لەنجە دزەیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان ئامادەبیوون، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لەیاسای چاکسازی کرد کەماوەیەک بەر لەئێستا لەپەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەردرا بەمەبەستی هێنانەکایەی دادپەروەری و یەکسانیی زیاتر لەنێوان سەرجەم چین و تۆژەکانی کۆمەڵگەو لەوبارەیەوە ئاماژەی بەکارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند: بەپێی ئەو کارنامەیە پڕۆسەی چاکسازی بەردەوام دەبێت و سەرجەم سێکتەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە. هەروەها باسی ئەو یاسایانەشی کرد کەپێویستان بەهەموارکردنەوە هەیەو لەپلانی حکوومەت و پەرلەمانداید هەموارین بکاتەوە، یەکێک لەو یاسایانەش یاسای وەبەرهێنانە کە مەبەست لێی ئاسانکاریی زیاترە بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی.

لەلایەن خۆیەوە باربارا وۆلف کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان وێڕای دەربڕینی پشتگیریی خۆی بۆ بابەتی چاکسازی و گرنگیدان بەبواری وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: وڵاتەکەی پشتیوانی لەوەبەرهێنەرانی ئەڵمانیا دەکەن بۆئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان ئەنجامبدەن. هەر لەدیدارەکەدا کونسوڵی گشتیی ئەڵمانیا جەختی لەسەر بەردەوامبوونی وڵاتەکەی لە مەشق و ڕاهێنان بەهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردەوە.

ڕێبوار هادی: لە ماوەی 30 ڕۆژدا عەللاوی نەتوانێ کابینەکەی تەواو بکات کەسێکی دیکە ڕادەسپێردرێت



سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، بە پێی یاسا، 30 ڕۆژ لە بەردەم کاندیدی ڕاسپێردراو هەیە کابینەکەی پێک بێنێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا سەرۆککۆمار کەسێکی دیکە ڕادەسپێرێت. ڕێبوار هادی، لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە، بە گوێرەی مادەی 76ی دەستووری عێراق، کەسێک ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەت، بەڵام بۆ کاندیدکردنی عەللاوی بە پێی دەستوور نەکرا، ئەویش بە هۆی بارودۆخی ئێستای عێراق.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕوونی کردەوە، بە پێی یاسا عەللاوی 30 ڕۆژی لە بەردەمدایە هەتا کابینەکەی ئامادە بکات و بێنە ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیرەکانی دەنگیان لەسەر بدرێت، کە پێویستە 166 دەنگ بێنن، کە دەکاتە پەنجا کۆ یەک، هەروەها دەنگیش لەسەر بەرنامەی کابینەکەی بدرێت، کە بە نیازە لەو ماوەیەدا چی بکات.

ڕێبوار هادی ئاماژە بەوەش دەکات، ئەگەر بێت و لە نێوان 22 وەزارەت 14 وەزارەتی کابینەی عەللاوی دەنگی پێویست بێنێت، ئەوا بە پێی یاسا کابینەکەی دروست دەبێت و کاری خۆی دەکات، لە بەرانبەریشدا ئەگەر نەیتوانی لە ماوەی 30 ڕۆژدا کابینەکەی بێنێتە ئەنجوومەن، یا دەنگی پێویستی نەهێنا، ئەوا لە ماوەی 15 ڕۆژدا سەرۆککۆمار کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی ڕاگوزەر ڕادەسپێرێت و، ناتواندرێ ماوەی دیکە بۆ عەللاوی درێژ بکرێتەوە.

جێی باسە شەوی شەممە ڕێککەوتی1ی شوبات، سەرۆککۆمار، محەمەد تۆفیق عەللاوی ڕاسپارد کابینەی ڕاگوزەر پێکبهێنێت، لە ئێستادا ناوبراو تەنیا 20 ڕۆژی لە بەردەمدا ماوە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی.

ئەیاد عەللاوی: ئێران هێڵە سوورەکانی بەزاندووە

ناتوانێت خەونەکانی لە عێراق بۆ فراوانخوازی لە ناوچەی عەرەبی بەدیبهێنێت

K24/ ئەیاد عەللاوی، ئێران بە دەستوەردانی ئاشکرا لە کاروباری عێراق تۆمەتبار دەکات و جەختدەکاتەوە، عێراق گەورەتر لە خەونەکانی تاران. ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی، لە بەیاننامەیەکدا ئێران بە بەزاندنی هێڵە سوورەکان تۆمەتبار دەکات و ڕایدەگەیەنێت "ئێران هێڵە سوورەکانی بەزاندوە و سەلماندی کە دەست لە کاروباری عێراق و ویستی عێراقییەکان وەردەدات".

عەللاوی، دەستوەردانەکانی ئێران لە کاروباری عێراق سەرکۆنە دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت "هۆشداری دەدەینە ئێران کە ناتوانێت خەونەکانی لە عێراق بۆ فراوانخوازی لە ناوچەی عەرەبی بەدیبهێنێت".

جەختیش دەکاتەوە کەعێراق لە قەبارە و خەونەکانی ئێران گەورەترە. هەروەها داواش لە ئێران دەکات "پابەندی پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی بێت و دەست لە کاروباری عێراق وەرنەدات، چونکە ئەم کارە گرژی زیاتر لە ناوچەکە دروستدەکات".

ئەمە لە کاتێک دایە پێشتر عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری ڕێبەری ئێران ڕایگەیاندبوو، دەبێت محەمەد تۆفیق عەللاوی متمانە بەدەستبهێنێت و تاران و بەغدا و دیمەشق و بەیروت و فەلەستینیش یەک بەرەی هاوپەیمان بن دژی ئەمەریکییەکان.

ئەنجوومەنی ئاسایش لە ناردنی چەکدارانی سووریا لەلایەن تورکیاوە بۆ لیبیا دەکۆڵێتەوە

تیمێکی پسپۆڕی سەر بە لیژنەی سزاکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو هەواڵانە دەکۆڵێتەوە کە دەڵێن تورکیا چەکداری سووریایی ناردۆتە لیبیا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاویکردۆتەوە، تیمە پسپۆرییەکەی لیژنەی سزاکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەو زانیارییانە دەکۆڵێتەوە کە دەڵێن تورکیا لە غازی عەنتابەوە بە فڕۆکەی سەربازی چەکدارانی سووریی بۆ ئەستەنبوڵ گواستۆتەوە و لەوێشەوە ڕەوانەی لیبیای کردوون.

بە گوێرەی زانیارییەکانیش، تورکیا نزیکەی سێ هەزار چەکداری سووریای لە ناوچەکانی ژێر دەستی حکوومەتی ویفاق لە لیبیا بڵاو کردووەتەوە.

قایمقامی شنگال هۆشداریی دەدات لە هەمبەر گواستنەوەی پاشماوەی تیرۆریستانی داعش بۆ سنووری شنگال

مەحما خەلیل بۆ «خەبات»: هیچ کەس بۆی نییە خێزان و پاشماوەی چەکدارانی داعش لە شنگال جێگیر بکات



قایمقامی شەرعیی شنگال هۆشدارییی تووند دەدات لە هەولێکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، بەرامبەر بە گواستنەوەی پاشماوەی تیرۆریستانی داعش لە کەمپی هۆل لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە بۆ شنگال. مەحما خەلیل، قایمقامی شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق سەرقاڵی گواستنەوەی خێزان و منداڵانی چەکدارانی داعشە بۆ کەمپی "عەمەل" لە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا.

قایمقامی شنگال ئەوەشی ئاشکرا کرد کە وەزارەتەکەی عێراق بە نیازە، کەسوکاری داعش لە کەمپی (هۆل) لە سووریاوە بۆ سنوورەکانی شنگال بگوازێتەوە.

تەئکیدیشی کردەوە کە بڕیارەکە هەڵەیە و ئەوان بە هەمووشیۆوەیەک لە دژی دەوەستنەوە. گوتیشی: "هیچ کەس بە حکوومەتیشەوە بۆیان نییە، خێزان و پاشماوەی چەکدارانی داعش لە ناوچەکە جێگیر بکەن " ئەمە بە مەترسی دەزانین بۆ سەر ناوچەکە ."بۆیە داوای کرد، حکوومەتی عێراق هەوڵەکە ڕابگرێت.

هەر لەمبارەیەوە قادر شێخ مەمی، فەرماندەی پێشمەرگە لە زومار بە خەباتی ڕاگەیاند، کەمپێکی گەورە هەیە لە گوندێکی سەر بە زومار، ئێستا بڕیارێک هەیە کە 31 هەزار پاشماوەی داعش بهێنرێنە ئەو کەمپە.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم کارە بە ڕەزامەندیی پەکەکە و حەشدی شەعبی دەکرێت.

گوتیشی: ئەم کارە وادەکات ناوچەکە بکەوێتە مەترسییەوە، چونکە داعش لەم ناوچانەدا جموجۆڵی بەهێزە، پێویستی بە هێزێکی گەورە و توانایەکی زۆر هەیە تاوەکوو کەمپەکە لەژێر دەستی هێزە ئەمنییەکاندا بهێنێتەوە. جێی باسە پێشتر موزاحم حوێت، گوتەبێژی هۆزە عەرەبییەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە ڕاگەیاندراوێکدا بە فەرمی دژایەتیی هۆزە عەرەبییەکانی سنووردکەی بۆ بڕیاری گواستنەوەی پاشماوەکانی داعش لە کەمپی هۆلەوە بۆ سنووری شنگال و ڕۆژئاوای مووسڵ ڕاگەیاندبوو.

بۆیە هۆشداریی داوە و داوا لە هاوولاتییانی وڵاتەکەی دەکات ئاگاداری خۆیان بن.

هەر لە ئاگادارییەکەدا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە داوە، کە بارەگای باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا هەر بە داخراوی دەمێنێتەوە و هاوولاتییانی ئەمەریکی بۆ هەر کارێک، کە هەیانبێ، دەتوانن سەردانی کونسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەن.

پێشتر چەندین جار خۆپیشاندەرانی لایەنگری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هێرشیان کردووەتە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا و هەڕەشەی دەرکردنیان، کردووە.

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بۆ هاوولاتییانی:

خۆتان لە بەغدا بەدوور بگرن

بۆ هەر کارێک سەردانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر بکەن

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا هۆشداریەکی نوێ بۆ هاوولاتییانی وڵاتەکەی لە عێراق بڵاو دەکاتەوە و داوایان لێدەکات خۆیان بەدوور بگرن لەو ناوچانەی عێراق کە خۆپێشاندانیان تێدا ڕێکدەخرێت و دەڵێ بۆ هەر کارێک سەردانی کونسوڵخانەی ئەمەریکا لەهەولێر بکەن.

دوێنێ دووشەممە 2020/2/10 باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، ئاگادارییەکی لە هەژماری فەرمیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، چاوەڕێ دەکرێ ڕۆژانی 12،11 و 13ی ئەم مانگە خۆپیشاندانی بەرفراوان لە بەغدا بەڕێوە بخرێت.

باڵیۆزخانەکە لەو بڕوایە دایە خۆپیشاندانەکە فراوان بێ و شاری نەجەفیش بگرێتەوە، عەرەبییەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە ڕاگەیاندراوێکدا بە فەرمی دژایەتیی هۆزە عەرەبییەکانی سنووردکەی بۆ بڕیاری گواستنەوەی پاشماوەکانی داعش لە کەمپی هۆلەوە بۆ سنووری شنگال و ڕۆژئاوای مووسڵ ڕاگەیاندبوو.

بەریتانیا داواکاریی ژنە داعشییەک ڕەتدەکاتەوە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

دادگای بەریتانیا داواکاری ژنە داعشییەکی هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانیای ڕەتکردەوە کاتێک چەند بیانوویەکی بۆ مانەوەی لە بەریتانیا و سەلامەتی ژیانی پێشکەش بە دادگای تێهەڵچوونەوەی بەریتانیا کردبوو بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەندنەوەی ڕەگەزنامەی بەریتانی لەو ژنە کە 3 ساڵ لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لە سووریا ژیاوە.

شەیا بیگوم ئەو ئافرەتەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانیایە و دایک و باوکی بەنگلادیشین و ساڵی2015 لەئەکادیمیای سەربازی بەریتانیاوە ئەو وڵاتەی بەجێهێشت و ڕووی کردە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی بەناو دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی "داعش" لەسووریا و دوای 10 ڕۆژ لەگەیشتنیشی، هاوسەرگیری لەگەڵ چەکدارێکی داعشی ڕەگەزنامە هۆڵندی کرد و بۆ ماوەی3 ساڵ لەسووریا لەناو داعش مایەوە کە 3 منداڵی بوو هەرسێکیان دوای چەند ڕۆژێک لە لەدایکبوونیان گیانیان لەدەستداوە و ساڵی 2017 دوای کوشتنی میردەکەی گەڕایەوە بەریتانیا و دوای لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەی، وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بڕیاری دا ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی بەریتانی لێ وەرگرێتەوە. بەڵام شەیا لە ڕێگەی پارێزەرێکەوە تانەی لەم بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆ دا و بیانووی ئەوەی هێنابووەوە کە ناکرێ ئەو بەبێ ڕەگەزنامە بێت و بەبێ ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی بەریتانی دووچاری هەڕەشە و ئەشکەنجەدانی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبێتەوە و ژیانی سەلامەت نابێ! بەڵام دواجار دادگای بەریتانیا ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و ئەوەی ڕاگەیاند کە دایک و باوکی شەیا ڕەگەزنامەی بەنگلادیشیان هەیە و دەتوانێ بەهۆی ئەوانەوە لەبەنگلادیش ببێتە هەڵگری ڕەگەزنامەی بەنگلادش بەوەش بێ ڕەگەزنامە و پاسپۆرت نابێ. لە ئێستاشدا شەیا بەنیازە جارێکی تر تێهەڵچوونەوە بە کەیسەکەیدا بکرێت و دەیەوێ بەهەر نرخێک بێت بەریتانیا لە وڵاتەکەی دەری نەکات.

لقی14ی پارتی: هاوولاتیان شاهیدن دەیانەوێ مەزهەب و ئایینی خەڵکی بە زۆر بگۆڕن

پێکهاتەیەکی سەر بە حەشد، جگە لە دزی و ڕێگری و چەتەیی سیاسەتی بەرتەسکی تایبەتی پەیڕەو دەکەن

لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، ماوەی چەند ڕۆژێ گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک کە پێکهاتەیەکی سیاسیی سەر بە حەشدە، پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێ بە هاوکاریی ئەمەریکا حەشد لە دەشتی نەینەوا دەر بکات، بەڵام هاوولاتیانی پارێزگای نەینەوا شاهیدن کە لەو کاتەوەی چەکدارەکانیان هاتوونەتە ئەو ناوچانە، ژیانی خەڵکیان تێکداوە و جگە لە دزی و ڕێگری و چەتەیی، سیاسەتی بەرتەسکی تایبەتی پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێ مەزهەب و ئایینی خەڵکی ناوچەکە بە زۆر بگۆڕن.

دەقی ڕوونکردنەوەکەی لقی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ماوەی چەند ڕۆژێ گردبوونەوەی دیموکراتیی شەبەک کە پێکهاتەیەکی سیاسیی سەر بە حەشدە لە ڕاگەیاندنەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێ بە هاوکاریی ئەمەریکا حەشد لە دەشتی نەینەوا دەر بکات.

لێردا بە ئەوان ڕادەگەیێنین کە ئەو بارودۆخەی ئێستا لەو ناوچانە هاتووەتە ئاراوە دەرئەنجامی سیاسەتی خۆسەپاندن و زوڵمی خۆیان بووە دەرهەق بە دانیشتوانی ناوچەکە. هەموو هاوولاتیانی پارێزگای نەینەوا شاهیدن لەو کاتەی چەکدارەکانیان هاتوونەتە ئەو ناوچانە، ژیانی خەڵکیان تێکداوە و جگە لە دزی و ڕێگری و چەتەیی، سیاسەتی بەرتەسکی تایبەتی پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێ مەزهەب و ئایینی خەڵکی ناوچەکە بە زۆر بگۆڕن.

ئۆپاڵی ئەوەی خەڵکی لێتان ناڕازییە و خەڵک نایەوێ لە ناوچەکانیان بمێنن، ئەوە دەکەوێتە سەر شانی خۆتان نەک پارتی دیموکراتی کوردستان.

لقی چواردەی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/2/10



نۆ هەزار ئاوارەی مووسڵ گەڕاونەتەوە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان

هۆشەنگ محەمەد: تا ئێستا 800 هەزار ئاوارەی ناوخۆی عێراق لە هەرێمی کوردستان ماون

بەڕێوەبەری فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، سەرەڕای ئەوەی بەغدا بڕیاری داوە ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر مالوحاڵی خۆیان لە ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام بە هۆی خراپیی دۆخی ئەمنی و سەرهەڵدانەوەی داعشەوە، ئامادە نین بگەڕێنەوە، چونکە دۆخی ئەو ناوچانە زۆر خراپە.

لەم بارەیەوە هۆشەنگ محەمەد بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق بڕیاڕی داوە ئاوارەکان بگەڕێنەوە ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام نەک هەر ناگەڕێنەوە، بگرە جارێکی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبنەوە و تەنها ساڵی ڕابردووش 9 هەزار ئاوارەی مووسڵ گەڕاونەتەوە بۆ کەمپەکانی هەرێمی کوردستان. محەمەد گوتیشی: حکوومەتی عێراق هاوکارییەکانی لە ئاوارەکان ڕاگرتووە و ساڵی ڕابردوو هەر بودجەی بۆ تەرخان نەکردبوون، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکارییەکانیان بۆ نیوە کەم کردووەتەوە و تا ئێستا 800 هەزار ئاوارەی ناوخۆی عێراق لە هەرێمی کوردستان ماون و نەگەڕاونەتەوە سەر مالوحاڵی خۆیان.



ڕێگەی مەهاباد - بۆکان زیاتر لە 3 مەتر بەفر باریوە



پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چاکسازی نیشتمانی کوردستان تەئکید لە پەیوەندییەکانیان دەکەنەوە

ئەمڕۆ عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانیەکان و ئەندامانی مەکتەب لە بارەگای مەکتەب پێشوازی لە بیرون عومەر فەتاح سەرۆکی بزوتنەوەکەو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی چاکسازی نیشتمانی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا دوایی تیشک خستنە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات وگۆرانکارییەکان و بارودۆخی هەستیاری ناوچەکەو ململانێیەکان تیشکی خرایەسەر، هاوکات یەک گوتاری و هەماهەنگی پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەم ڕەوشە نالەبارەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەگشتی هاتۆتە ئاراوە بەبایەخەوە باسی لێوەکرا، هەروەها خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی و خزمەتکردن بەپرسە دیموکراتیەکان و بەردەوامی هەماهەنگییەکان لەپێناو سەرخستنی ئامانجەکانی گەلی کوردستان و هۆشیاری زیاتر لە پالپشتیکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتی هەموولایەک بۆ داکۆکی کردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغەکە تەئکیدی لەسەر کرایەوە.



بۆ جێبەجێکردنی یاسای زێدەڕۆیی لە نێوان وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەت هەماهەنگیی دەکرێ

ڕۆژی 9ی شوباتی 2020 وۆرکشۆپی جێبەجێکردنی یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی ژمارە 3ی ساڵی 2018 بە ئامادەبوونی وەزیری شارەوانی و وەزیری ناوخۆ، هەروەها پارێزگاری هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای وۆرکشۆپەکەدا، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەناوی خۆی و ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، گوتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا گرنگیی هەماهەنگیی نێوان وەزارەت و فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە خستە ڕوو.

گوتیشی: پێویستە هەموو لایەک ئەوە بزانن، نەهێشتنی زیادەڕۆیی و گەڕانەوەی سامانی گشتی، ئەرکێکی لەپێشینەی حکومەتە و ئەم کارەیش بە هەموومان پێکەوە دەکرێ، هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە پێویستە لەم وۆرکشۆپەدا لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکە و دەبێ بەیەکەوە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی بدۆزنەوە.

هەر لەو وۆرکشۆپەدا، ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار تیشکی خستە سەر گرنگیی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە و گوتی، نابێ هیچ پاساوێک ببێتە هۆکار بۆ ڕێگری لە جێبەجێکردنی و دەبێ هەموو ئاسانکارییەک بۆ خێرا ڕاپەڕاندنی بگیرێتە بەر و هەماهەنگیی نێوان وەزارەت و فەرمانگەکان، هەروەها هەرچی کەرەستە و هۆکار پێویستە، بخرێتە خزمەتی یاساکە، چونکە ئامانجمان گەڕانەوەی سامانی گشتییە.

د. سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، چەند تێبینییەکی لەسەر یاسای ڕێگری لە زیادڕۆیی ژمارە (3)ی ساڵی 2018 خستە ڕوو، داوای لە ئەندامانی بەشداربووی وۆرکشۆپەکە کرد، بەهەندی وەربگرن بۆ ئەوەی یاساکە هەموار بکرێتەوە و بە باشتر بخرێتەوە بەردەست تا زۆرتر لە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی تەواو بێت.

لە وۆرکشۆپەکەدا، جیا لە هەردوو وەزیر و پارێزگارەکان، بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەنجوومەنی دادوەری، فەرمانگەی داواکاری گشتی، پۆلیسی شارەوانی، پۆلیسی دارستان و چەندان فەرمانگەی دیکەی پەیوەست بە وۆرکشۆپەکە، نوێنەرایەتییان ئامادە بوون.

لەناو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەریەک لە سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان، بەڕێوەبەرانی گشتی و سەرۆکی هەموو شارەوانییەکان و سەرپەرشتیارانی ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان ئامادە بوون.

پاشان گفتوگۆ لەسەر یاساکە کرا و سەرەتا هەریەک لە د. فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی، د. فەرهاد ئەتروشی پارێزگاری دهۆک و ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە، تێبینییەکانی خۆیان خستە ڕوو، دوای ئەوان سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ڕاسپاردە و بڕیارەکانی وۆرکشۆپەکەی خوێندنەوە کە دەبێ ڕاستەوخۆ لەمڕۆوە دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت.

ئەڵمانیا ڕەتیدەکاتەوە داوای کشانەوەی لە مەشقپێکردنی هێزە عێراقییەکان کردبێت



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

دوێنێ دووشەمە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا هەوالی کشانەوەی هێزەکانی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەعێراق ڕەتکردەوە و تەئکیدی کردەوە کە بەردەوام دەبن لە ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هات کە گوتبووی هەریەکە لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئوستراليا داوای کشانەوەیان لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش لەعێراق کردبێت و تەئکیدیان کردەوە کە ڕاوێژکارە سەربازییە ئەڵمانییەکان لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لەعێراق بەردەوام دەبن لە مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییە نیزامییەکان.

شایانی باسە دوای کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لەنزیک فڕۆکەخانەی بەغدا و بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە کشانەوەی هێزە بیانییەکان لەعێراق، چەندین لێدوان سەبارەت بە ناکۆکیی هێزە نێودەوڵەتییەکان لەعێراق و داواکاری ئەم وڵات و ئەو وڵات بۆ کشانەوەیان لەهاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لەعێراق بلاوکراوەتەوە، بەڵام هەموو ئەو وڵاتانە ئەم دەنگۆ و هەواڵانەیان بەدرۆخستۆتەوە و دەڵێن لەئەرکەکانمان لەعێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبین.

لەچوارچێوەی ئەم هاوپەیمانەتییە و مەشقپێکردنی هێزە عێراقیەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.

ئەم ڕەتکردنەوەی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا دوای ئەو لێدوانەی بەدر زیادی کرد کە وتبووی: ئێمە ئامادەین بەشداری ئەو ڕاهێنانە بکەین کە ئێستا لە عێراق ئەنجامی دەدەین، بەڵام ئێستا ئەو ڕاهێنانە ڕاگیراوە بەهۆی ئەو ئاڵۆزییانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویداوە.

ناسرییە... یەک خۆپیشاندەر کوژرا و سێی دیکەش بریندار بوون



بەفر ناوچەی حاجی ئۆمەرانی سەر بە پارێزگای هەولێری داپۆشی و پلەی گەرما گەیشتە 15 پلە ژێر سفر

سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکانەوە بۆ بلاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی شاری ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار، یەک خۆپیشاندەر کوژراوە و سێی دیکەش بریندارببوون.

هاوکات چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکانی ناسرییە باسی لەوەکردووە کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەران و پاسەوانانی زانکۆی ئەلعەیندا ڕوویداوە. چالاکوانەکە ئاماژەی بەوەیشکرد کە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکە دوای ئەوە ڕوویدا کە خۆپیشاندەران هەوڵیاندابوو زانکۆ و کۆلیژی پزیشکی لە ناوەڕاستی ناسرییەدا دابخەن.

جێی باسە لە هەفتەی ڕابردووەدا، لایەنگرانی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر کە بە "کلاو شینەکان" ناسراون هەڵیانکوتوویە سەر گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان، ئاگریان لە خیوەتەکانی خۆپیشاندەران بەردا، و تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووە، خۆپیشاندەرانی عێراق ئاستی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان دژبە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت فراوانتر کردووە کە لەمیانیدا ڕێگا سەرەکییەکان، قوتابخانە، زانکۆ و فەرمانگە فەرمییەکانیان داخستووە.

ڕۆژی یەکی ئەم مانگە سەرکۆماری عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی ڕاسپارد ئەوەش دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا خۆپیشاندەران، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدییان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد.

عێراق... هەڕەشە لە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو دەکرێ

ڕەوتی سەدر بۆ سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو: بەغدات لێدەکەینە دۆزەخ



ڕەوتی سەدر هەڕەشەی بە دۆزەخکردنی بەغدای پایتەختی وڵاتەکەی لە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو، دەکات. کازم عیساوی، ڕاوێژکاری ئەمنیی موقتەدا سەدری ڕێبەری ڕەوتی سەدر بۆ سەرۆکایەتیی محەمەد تۆفیق عەللاوی، ناکات. کازم عیساوی هەڕەشەی ڕووخاندنی حکوومەتی نوێی عێراقی لەماوەی سێ ڕۆژدا کردووە، ئەگەر ئەو حکوومەتە لە کەسانی حزبی پێکبهێنددرێت، «عێراق سەراوگێڕ دەکەینەوە و دەیکەینە دۆزەخ بۆ عەللاوی».

جێی باسە دوای ڕاسپاردنی لەلایەن سەرکۆماری عێراق، بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی وڵاتەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی لە یەکەم لێدوانیدا، داوای لە خۆپیشاندەران کرد بەردەوام بن لە خۆپیشاندانەکانیان و ڕایگەیاند، «ئەگەر نەتوانم داواکاریی خۆپیشاندەران بەجێ بهێنم، شایستەی ئەو پۆستە نیم».

خەبات
ساڵی شەهید 2020/2/11 ژمارە (5930)



لە ژاپۆنیش 136حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە

چین.. ژمارەی گیانلەدەستداوانی کۆرۆنا گەیشتە 909 کەس و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتە زیاتر لە 40 هەزار کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە چین گیانیان لەدەستداوە گەیشتە909 کەس، ژمارەی تووشبووانیش گەیشتە 40هەزار و 613 کەس. بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەندروستی چین، ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری ئەو وڵاتە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی نوێی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتۆتە 910کەس کە 908یان لە چین، یەکێکیان لە هەرێمی هۆنگ کۆنگ و یەکێکیان لە فلیپین بووە. ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە 40 هەزار و 613کەس کە باری تەندروستی نزیکەی شەش هەزار و 500کەسیان ناجێگیرە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە ژمارەی ئەوانەی گومانی توشبوونیان بە ڤایرۆسەکە لێدەکرێت گەیشتووەتە 23هەزار و 589کەس و ئەوانەی خراونەتە ژێر چاودێریەوە ژمارەیان بەرزبووەتەوە بۆ 187 هەزار و 518 کەس. جگە لە چین ژمارەی حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسەکە لە هۆنگ کۆنگ بەرزبووەتەوە بۆ 36 و لە هەرێمی ئیدارەی تایبەتی ماکاو 10 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

لەلایەکی دیکەشەوە لە کۆی سێ هەزار و 711 سەرنشینی نێو کەشتی "شازادە خاتوونی ئەڵماس"ی گەشتیاری کە لە ژاپۆن دەست بەسەرکراون، 136یان هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان. لەوبارەوە کۆمپانیای خاوەن کەشتییەکە ڕایگەیاند سەرجەم سەرنشینانی نێو کەشتییەکە لە ژاپۆن دەست بەسەرکراون کە ژمارەیان سێ هەزارو 711 کەسن بۆ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێت تا بزاندرێت هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان یان نا. ئاماژەی بەوەیشکردووە، بەپێی ئەو پشکنینانەی کە بۆ سەرنشینەکان کراوپ دەرکەوتووە تا ئێستا، 136یان هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان. ئەو کەشتییە لە بەندەری یوکوهاما نزیک لە شاری تۆکیۆی پاتیەخت دەستی بەسەرداگیراوە. لای خۆیەوە وەزیری تەندروستی ژاپۆن، کاتسۆنۆمۆ ماتۆ ڕایگەیاند کە پشکنینێ بۆ سەرجەم سەرنشینانی نێو ئەو کەشتییەدا ئەنجام دەدەریت. کاتسۆنۆمۆ ماتۆ جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە تا ئەو کاتەی ئەنجامی پشکنینەکان ڕادەگەیەندرێت، سەرجەم سەرنشینانی نێو کەشتییە گەشتیارییەکە دەست بەسەردەبن.

هەروەها لە بەریتانیاش ژمارەی توشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرزبوویەوە و گەیشتە هەشت کەس لە کاتێکدا تا ئێستا، 43 حاڵەتی توشبوون لە ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپا تۆمارکراون. میدیاکانی بەریتانیا لەنێویاندا ڕۆژنامەی "گاردیان" بڵاویانکردەوە کە وەزارەتی تەندروستی بەریتانیا ڕایگەیاندووە، دوێنێ دووشەمە، چوار حاڵەتی دیکەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکردووە. ئاماژە بەوەشکراوە کە بەتۆمارکردنی ئەو چوار حاڵەتەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەریتانیا، ژمارەی توشبووان بەو ڤایرۆسە لەو وڵاتە، بەرزبوویەوە و گەیشتووەتە هەشت کەس.

ئیمارات، کشانەوەی هێزەکانی لە جەنگی یەمەن ڕاگەیاند

ئیمارات ڕایگەیاند کە هێزەکانی لە جەنگی یەمەن کشانەتەوە و گەڕاونەتەوە وڵات، ئەوەش لەچوارچێوەی ستراتیجێکدا کە بۆ پاڵپشتی ناڕاستەوخۆ لە هێزەکانی یەمەن دانداوە. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی ئیمارات بڵاویکردەوە، فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی وڵاتەکەی لە یەمەن، فەریق ڕوکن عیسا مەزروعی ئاشکرایکردووە کە لەچوارچێوەی ستراتیجییە نوێیەکەدا، بە ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی پێشکەش بە هێزەکانی یەمەن دەکەن و گوتی: ئێتر لەمەودا، هێزەکانی یەمەن پشت بە خۆیان دەبەستن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنەکان و ئێمە بە ناڕاستەوخۆ پاڵپشتییان پێشکەش دەکەین.

عیسا مەزروعی لەمیانی ڕێورەسمی گەڕانەوەی هێزەکانیان لە یەمەن گوتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا ئاماژەی بەودا کە لەمیانی شەش ساڵدا، 15 هەزار سەربازی ئیمارات لە شارەکانی یەمەن ئەرکیان ئەنجامداوە و مەشق و ڕاهێنانیان بە هێزەکانی یەمەن کردووە.

فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی ئیمارات لە یەمەن، فەریق ڕوکن عیسا مەزروعی باسی لەوەشکردووە لەمیانی بەشداریکردنیان لە ئۆپەڕاسیۆنی جەنگی یەمەن دژبە حووسییەکان، 130 هێرشی ئاسمانیان ئەنجامداوە، جگە لەوەش 50 هێرش لە لایەن هێزی دەریاوانییەوە ئەنجامدراوە.

فەریق ڕوکن عیسا مەزروعی ئەوەشی خستەڕوو کە هەر لەمیانی بەشداربیکردنیان لە جەنگی یەمەندا مەشق و ڕاهێنانیان بە 200 هەزار سەربازی یەمەن لە ناوچە کۆنترۆڵکراوەکاندا کردووە و گوتیشی: هێزەکانمان توانیویانە 85لەسەدی خاکی یەمەن کۆنترۆڵ بکەنەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی حووسییەکاندا بوو.

فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی ئیمارات لە یەمەن، فەریق ڕوکن عیسا مەزروعی ژمارەی کوژراوانی سەربازانی وڵاتەکەی لە یەمەن ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو سەربازانەی ئیمارات کە لە یەمەن کوژراون گەیشتووەتە، 108 سەرباز.

حووسییەکان لە مانگی ئەیلوولی 2014ەوە دەستیان گرتووە بەسەر سەنعای پایتەختی یەمەن، دواتر سنووری دەسەڵات و هەژمونی خۆیان بەسەر چەندین پارێزگای دیکەدا سەپاند. لە مانگی ئاداری 2015ەوە، هاوپەیمانییەتی عەرەبی بەڕابەرایەتی سعوودیە و بەشداریکردنی ئیمارات پاڵپشتی لە هێزەکانی سەر بەحکوومەتی یەمەن دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی حووسییەکان، ئەو جەنگە بەردەوامەش کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لە وڵاتەکەدا بەدوای خۆیدا هێناوە.

ڕاوێژکارێکی حکوومەتی عێراق:

222 ملیار دۆلار لە پرۆژەی خەیاڵیدا خەرج کراوە

دوێنێ یەکشەممە ڕاوێژکارێکی ئابووری لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە لە سەردەمی حکوومەتەکانی ڕابردووی عێراقدا زیاتر لە 222 ملیار دۆلاری ئەمریکی لە چەندین پرۆژەدا خەرج کراوە، بە بێ ئەوەی هیچ یەک لەو پرۆژانە ئەنجام درابن.

مزەفەر محەممەد ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئاشکرای کردووە کە بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک پرۆژە، 222 ملیار دۆلار خەرج کراوە، کەچی ئەو پرۆژانە خەیاڵیین و هیچیان ئەنجام نەدراون. ڕاوێژکارەکە دەشڵێت: لە نێوان ساڵانی 2003 تاکو 2013، بەم گۆژمە خەیاڵییە پرۆژەی خەیاڵی دروست کراون، بۆیە داوایان لە وەزارەتەکان کردووە کە ناوی ئەو پرۆژانە بنێرن، ئەوانیش پێیانگوتوون بەو پارەیە هیچ پرۆژەیەک لەسەر زەوی عێراق نەکراوە.

هەروەها ئەو ڕاوێژکارەی حکوومەت ڕەخنەی لە بودجەی ئەمساڵی حکوومەتی عێراق گرتووە و دەڵێ بەشێکی زۆر لەو بودجەیەی ئەمساڵ بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات و بەشێکی کەمیشی بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەڕوات.

سوپای میسر کۆژرانی 10 چەکداری توندڕەوی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند

سوپای میسر ڕایگەیاند کە لەمیانی شەڕو پێکدادانێک لەنێوان هێزەکانیان و ژمارەیەک چەکداری توندڕەو لە پارێزگای باکووری سینا باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، دوو ئەفسەر، پێنج سەرباز و 10 چەکدار کوژراون.

لەوبارەوە گوتەبێژی سوپای میسر، عەقید تامر ڕیفاعی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە هێزەکانیان بەڕپەرچی پەلامارێکی تیرۆریستیان داوەتەوە بۆسەر خاڵێکی ئەمنی لە پارێزگای باکووری سینا. تامر ڕیفاعی ڕایگەیاندووە کە لەمیانی بەڕپەرچدانەوەکەدا، شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سوپا و ئەنجامدەرانی پەلامارەکەدا ڕوویداوە. گوتەبێژی سوپای میسر، عەقید تامر ڕیفاعی هەروەها ڕاشیگەیاندووە کە لە شەڕو پێکدادانەکەدا، دوو ئەفسەر، پێنج سەرباز و 10 چەکداری توندڕەو کوژراون.

ئیدلیب... لە تۆپبارانێکی هێزەکانی سووریا 10 سەربازی تورک کوژران و بریندار بوون



بەگوێرەی ئاژانسی "ڕۆیتەرز" هێزەکانی حکوومەتی سووریا تۆپبارانی هێزەکانی تورکیایان کرد لە خاڵێکی چاودێری لە "تەفتەناز"ی باکووری سووریا، ئەوەشی زیاد کرد، هێزەکانی تورکیا وەلامی هێرشەکەی سووریایان دایەوە. لای خۆشیەوە، وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕایگەیاند، لەو بۆردومانە 5 سەربازی تورکیا کوژراون 5 سەربازی دیکەش بریندار بوون.

دوێنێ دووشەممە 2020/2/10 وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە وەڵامی هێزەکانی سووریا تۆپبارانێکی چڕیان کردۆتە سەر کاروانە سەربازییەکانی تورکیا لە لە فڕۆکەخانەی تەفتەناز. لە ئاکامی تۆپبارانەکەشدا لە ئیدلب حەوت سەربازی تورکیا کوژراون و پێنج سەرباز دیکەش بریندارببوون. بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایانگەیاندووە، بەرپەرچی هێرشەکەی سوپای سووریایان داوەتەوە.

لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا ڕێککەوتنی هێرشنەکردنە سەر یەکتر واژوو دەکرێت



سەرۆکوەزیرانی پێشووی قەتەر، شێخ حەمەد بن جاسم ئالسانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندووە کە هەنگاوی دوای ڕاگەیاندنی "گرێبەستی سەدە" بریتی دەبێت لە واژووکردنی ڕێککەوتننامەی هێرشنەکردنە سەر یەک لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی کە بریتی دەبن لە وڵاتانی کەنداو، میسڕ و ئوردن و پێدەچێت مەغریبیش بەشداری بکات.

شێخ حەمەد ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە ئەو دژی واژووکردنی وەهاڕێککەوتنێک نییە کە ئەنجامەکانی ئاشکرایە و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاشتییەکی دادپەروەرانە. ئەمە لە کاتێکدایە جگە لە میسر و ئوردن تا ئێستا هیچکام لە وڵاتانی عەرەبی بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئیسرائیل نییە. شێخ حەمەد لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئاماژەی بەوەش داوە کە وڵاتانی عەرەبی بەڵێنیان بە واشنتۆن داوە هەڵوێستی ئەرێنییان بەرامبەر "گرێبەستی سەدە" هەبێت، بەڵام بەهۆی ڕاگەیاندنەکانەوە نەیانتوانیوە ئەم بەڵێنەیان بەجێ بهێنن.

سەرۆکوەزیرانی پێشووی قەتەر جەختی لەوەشکردووەتەوە وڵاتانی عەرەبی دەیانەوێت بەم بەڵێنانەیان خۆیان لە واشنتۆن نزیک بکەنەوە.

بەرپرسێ لقا 9 پێشوازیا هوشیار زێباری ئەندامێ مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان کر



سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقا 9یا پارتی دیموکراتی کوردستان ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا هوشیار زێباری ئەندامێ مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان کر ، ل دویڤدا ب بەرهەڤبونا هەژمارەکا کادرێن سنورێ لقا 9 یا پارتی دیموکراتی سمینارەکا بەرفرە و ڤەکری بو هوشیار زێباری ئەندامێ مەکتەبا سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان سازکر ل دور ئەنجامدانا گونگرەیێ 14یێ پارتی دیموکراتی کوردستان و داوی پێشهاتەییێن هەرێما کوردستانێ و رەوشا عێراقێ و وەلاتێن ئیقلیمی تەوەرەکێ دیێ سیمنارێ بو ل دیماهیێ ژی بەرێز هوشیار زێباری بەرسڤا پرسیار و داواکاریێن بەرهەڤبویان دا.

ژ لایەکی دی بەرپرسێ لقێ ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا ئەندازیار شاکر سەرپەرشتێ پروژێ ئاڤا ئاکرێ و شاندەکێ یاوەر کر دروینشتنەکێ دا هەردو ئالیان پروژێ ئاڤا ئاکرێ گەنگەشەکر کو دچەند قوناغەکان دا دەرباز بویە بەرپرسێ لقێ، هیڤی خواست کو زویترین دەم ئەف پروژەیە تەمام ببیت و بکەڤیتە دخزمەتا هەڤوڵاتییێت دەڤەرێ .

پارێزگاری هەولێر هاوڕێ لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن
پڕۆژەی دروستکردنی تونێڵی چیای بەنی هەریری بەسەرکردەوە



بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگادار بوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پڕۆژەی ستراتیژی تونێڵی (چیای بەنی هەریر)، سەرلەبەیانی دوێنێ دووشەمە 2020.2.10 د.فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر هاوڕێ لەگەڵ ئەندازیار دانا عەبدولکەریم حەمەسالح، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی جێگری وەزیری ئاوەدانکردنەوە و جێگری پارێزگاری هەولێر و قایمقام و بەرێوەبەرە گشتیەکان و بەرێوەبەری ناحیەکان و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندازیاران و سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکە، پڕۆژەی ستراتیژی دروستکردنی تونێڵی چیای بەنی هەریری بەسەرکردەوە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، پارێزگاری هەولێر وێرای سوپاسی بۆ کۆمپانیای جیبەجێکار لەدەستپێکردنەوەی کارەکان بۆ تەواوکردنی پڕۆژەی (تونێڵی چیای بەنی هەریر) وتی: "ئەمڕۆ هاتووین بۆ بەسەرکردنەوەی کارەکانی کۆمپانیایی جێبەجێکار و پشتگیریکردنی کۆمپانیا بۆ ئەوەی چی پێویستە لە داهاتوودا لە چوارچێوەی بودجەی تەرخانکراو بیکەین بۆ تەواوکردنی ئەم تونێلە ستراتیژییە، ئێستا کارەکان زۆر بەباشی دەستی پێکردووە، بۆیە دەمەوێت سوپاسی ئەو کۆمپانیایە بکەم وێڕای ئەوەی کە نەمانتوانییوە بودجەی پێویست و تەرخانکراوی بۆ بکەین ئەوان دەستیان بەکارکانی تەواوکردنی تونێلەکە کردۆتەوە و لەمسالێش بەشێکی بودجەی بۆ تەرخانکراوە، لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە و لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵدەدین ئەو پڕۆژەیە کە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان تەواو بکرێ".

ڕاشیگەیاند: "خۆشبەختانە ئەوەی پەیوستە بە تونێلی سۆرک، ئەویش بودجەی تەرخانکراوی بۆ ئامادەکراوە و بەمنزیکانە دەست بەکارەکان دەکەنەوە بۆ ئەوەی تەواو بکرێ، بەمنزیکانەش تونێلی پیرمام تەواو دەکرێ و دەکرێتەوە.

پڕۆژەی دروستکردنی تونێلی چیایی بەنی هەریر هەرچاووەی بە درێژی (3,565)کیلۆمەتر و نزیک کەروەکان و چوونە ژوورەوەی بەدرێژی (800)مەتەرە و چوونەدەرەوەکەشی بەدرێژی (500)مەترە و گوزمەی تەرخانکراوی پڕۆژەکەش (138.245.959) دینارە و لەلایەن کۆمپانیایی یورتاش ئەنجامدەدرێت و ماوەی پڕۆژەکەش سێ ساڵ و سەد و دوانزە ڕۆژە و لە ئێستاشدا لە50%ی پڕۆژەکە ئەنجامدراوە.

کامێرای چاودێری بەبەردەوامی لەسەر ڕێگەی کەرکووک . چەمچەماڵ دادەنرێت

عەقید عومەر عەلی بەرێوەبەری هاتوچۆی قەزای چەمچەماڵ، بەهاتووچۆی سلێمانی ڕاگەیاند، لەڕۆژی یەکشەمە 2020/2/9وە، کامێرایەکی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبێلمان لەسەر ڕێگەی نێوان (کەرکوک ـ چەمچەماڵ) بەدیاریکراویش لەپێچەکەی بانی مەقان دانراوە. وتیشی: لەسەر ئەرکی خۆمان بەر لەدانانی کامێراکە، هەستاین بەدانانی هێمای ئاگادارکردنەوەی شۆفێران کە خێرایی ڕێگەپێدراو لەسەر ئەو شەقامە 80 کیلۆمەترە لەکاتژمێرێکدا. ئاماژەی بەوەشکرد، لەماوەی ڕابردوودا زۆرترین ڕوداوی هاتوچۆ لە پێچەکەی بانی مەقان ڕوویداوە، بۆیە دەمانەوێت لەڕێگەی کامێراکانی چاودێریکردنی خێرایییەوە، ڕێژەی ڕووداوەکان کەمبکەینەوەو ڕێگری لەتێژڕەوی ئۆتۆمبێلەکانیش بکەین. عەقید عومەر عەلی ئەوەشی خستەڕوو، لەهەر شوێنێک ڕووداوی هاتوچۆ زۆر بێت، کامێرای چاودێری دەبەینە ئەو شوێنە، لەئێستاشدا بەبەردەوامی لەسەر هەردوو ئاراستەی شەقامەکە کامێرا چاودێری دادەنرێت.

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، پشکنینی بۆ هەریەکە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر کرد



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

عەمید دلێر نەجار، لەگەڵ ئەفسەران و کارمەندانی هەردوو بەشەکە کۆبوونەوە و دەستخۆشی و سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستە کردن کە زۆر دڵسۆزانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕاندووە و جەختیشی کردەوە، ئەرکی لەپێشینەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەرزڕاگرتنی سەروەریی یاسا و پارێزگاریکردنە لە سەر و مالی هاوڵاتیان.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، پۆلیس خزمەتکاری هاوڵاتیانە بێ جیاوازی و ڕاشیگەیاند، لە هەرێمی کوردستاندا یاسا سەروەرە و هیچ جۆرە هەڵاواردنێک لە ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی تۆمەتبارااندا نییە.

بەرپرسێ پۆلیس خۆشی لە پێناو چەسپاندنی سەروەریی یاسادا بۆ ئەفسەران و کارمەندانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دووپات کردەوە.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین سەردانی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی توانستی خوێندنی باڵا دەکات



پ.د.ئەحمەد دزیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین سەردانی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی توانستی خوێندنی باڵا دەکات، هاوکات لەو سەردانەدا بەشێک لەو هۆڵانەی بەسەرکردەوە، تا لەنزیکەوە ئاگاداری تاقیکردنەوەکانی توانستی خوێندنی باڵا ، دیبلۆم، ماستەر، دکتۆرا بێ، لەو نێوەندەشدا چەند خاڵێکی خسە ڕوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە زانکۆ، بەشێوەیەک بتواندرێ، هەموو لایەنەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی گەشە بکات.

ئەوەی شیاوی باسە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خوێندنی باڵا دیبلۆم، ماستەر، دکتۆرا ماوەی مانگێکی خایاند، کارمەندان و فەرمانبەران، مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین هەموو ئاسانکارییەکان بۆ داواکاران فەراهم کردبوو.

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر:
هاتنی غاز بۆ هەولێر بەردەوامە و ئەوانەی تەقەیان لە تەنکەرەکان دەکرد دەستگیرکران

بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر ڕایدەگەیەنێت ، هاتنی غاز بۆ هەولێر بەردەوامە و ڕۆژانە دێت، ئەو کەسانەی شەوی ڕابردووش تەقەیان لە تەنکەرەکان کردبوو، دەستگیر کراون. بەختیار عەبدوڵڵا، ڕایگەیاند هاتنی غاز ڕۆژانە بۆ هەولێر بەردەوامە و لە ئێستاشدا خەریکە قەیرانی غاز نامێنێت و ورده ورده دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، کە ئێستا نرخی غازی حکوومی لە هەولێر 7 هەزار و 500 دینارە. بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر دەشڵێت ئەوانەی کە تەقەیان لە تەنکەرەکانی هاوردەکردنی غاز بۆ هەولێر و دهۆک دەکرد، دەستگیر کراون. لەبارەی گرانیی نرخی غاز لە هەندێک شوێن بەڕێوەبەری کارگەی غازی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ئەو غازە بازرگانییە و خەڵک لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە مووسڵ و کەرکووکەوە هاوردەی دەکەن و بە نرخێکی گرانتر دەیفرۆشن.

شەپۆلێکی بەفربارین و سەرما هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ساردترین ناوچەکانی ئاشکرا کرد، بەگوێرەی پێوەری کەشناسی حاجی ئۆمەران -15 پلە، کانی ماسی -12 و میرگەسۆر -11پلە، هەروەها چۆمان و شێروان مەزن -9 و سیدەکان و پێنجوێن و ئامێدی و بامەرنێ -8 هەڵشۆ -7 پلەی سیلیزیە.

وەزیری خوێندنی باڵا بینای گەورەترین کۆمەڵگەی تاقیگە زانستییەکانی لە زانکۆی گەرمیان کردەوە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: سەرکەوتنی زانکۆی گەرمیان بۆ وەزارەتەکەمان و کوردستان گرنگە، چونکە سەرخستنی ئەم زانکۆیە بەشێکە لە پابەندبوونمان بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەم دەڤەرە، پێشمان وایە چۆن گەرمیان لەپرۆسەی قوربانیدان بووە، پێویستە لە خزمەت و پێشکەوتنیش پێشەنگ بێت، هەر بۆیە شایستەی زانکۆیەکی پێشکەوتوو و گەشەکردووە بۆ ئەوەی بە بەرزکردنەوەی کوالیتی، زانکۆی گەرمیان بخەینە سەر نەخشەی ئەکادیمی ناوچەکە.

لەوێستەگەی یەکەمی سەردانەکەیدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ستافی وەزارەت لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان پێشوازییان لێکراو لە کۆبونەوەیەکدا سەلاح کوێخا سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان ستایشی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە گەرمیان کرد، بۆ ئەمەش وتی: وەزارەتەکەتان بۆ پێشخستنی ئاستی زانکۆی گەرمیان دریغی نەکردووە بەلێنی دوپاتکردەوە پشتیوانی لە هەنگاوەکانی وەزارەت بکەن بۆ زانکۆی گەرمیان.

لەلایەن خۆشیەوە د. ئارام محمد وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند لە کارو پڕۆژە زانستییەکانمان بۆ زانکۆ و دەمەزراوەکان، زانکۆی گەرمیان لە ترۆپکی کارەکانمان دەبێت و دەمانەوێت خزمەتی زیاتر پێشکەش بە زانکۆ بکەین، بەشێوەیەک لە ئاست ئەو قوربانی و زوڵمانە بێت کە لەڕابردوو لە خەڵکی گەرمیان و ئەو ناوچەیە کراوە، بۆ ئەمەش پالپشتییەکانی سەرۆکی ئیدارەی گەرمیانی بۆ زانکۆکە بەرزنرخاند.

هەر لە میانی بەسەرکردنەوەی گەرمیاندا، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بینای کۆمەڵگەی تاقیگە زانستییەکانی ناوچەکە دادەنرێت. لەبارەی گرنگی کردنەوەی تاقیگەیەکی لەم شێوەیە بۆ ناوچەکە و زانکۆی گەرمیان، د. ئارام محمد قادر ڕایگەیاند: ئەم تاقیگەیە یەکێک دەبێت لە گەورەترین و گرنگترین تاقیگە زانستییەکان لە نێو دامەزراوەکانمان و بە کەوتنە سەرکاری خزمەتێکی بەرچاو بە زانکۆ و پێشخستنی ئاستی زانکۆکە دەکات.

ئەو قوتابخانە و زانکۆیانەی کرێی خوێندن کەم ناکەنەوە، سزا دەدرێن

کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ ئەهلییەکان دراوە، بەڵام دیارە بڕیارەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکراوە و بەشێک لە زانکۆ و قوتابخانە ئەهلییەکان پابەندی کەمکردنەوەی نرخی خوێندنی سالانەی قوتابیان نەبوونە. ئەندامەکەی لیژنەی پەروەردە گوتیشی، هەر زانکۆیەک پابەند نەبێت بە داشکاندنی نرخی کرێی خوێندن، سزای بەدواوەیە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بە هۆی پابەندنەبوونی ژمارەیەک زانکۆ بە کەمکردنەوەی نرخی خوێندن، پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوون دەکات و ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەش دەڵێ،ئەو زانکۆیانەی کرێ کەم ناکەنەوە، سزا دەدرێن.

گوڵستان نهێلی، ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خوێندنێ باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پێشتر بڕیار لەسەر

زانیاری ورد لەبارەی سەرهەڵدان و نیشانە و چارەسەری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا

تا ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونە ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین گیانیان لەدەستداوە گەیشتۆتە 909 کەس



تا ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونە و بەپێی زانیارییە میدیاییەکانی وڵاتی چین لە ماوەی تەنیا 24کاتژمێردا بەهۆی پەتایNCPەوە لە سەرتاسەری چین، 97کەسی دیکە گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی ئەو ئامارانە کە تا ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونە بڵاوکراوەتەوە ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا 2019-nCoVەوە لە چین گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 909 کەس، ژمارەی تووشبووانیش گەیشتە 40هەزار و 171کەس.

بەدواداچوون: ل. ڕیپۆرتاژ

هاوکات بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەندروستی چین، ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری ئەو وڵاتە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی نوێتی کۆرۆنا (Novel Coronavirus Pneumonia)ەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە 909 کەس کە یەکێکیان لە هۆنگ کۆنگە.

هەر لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە 40 هەزار و 171کەس کە باری تەندروستی نزیکەی شەش هەزار و 500کەسیان ناجێگیرە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ژمارەی ئەوانەی گومانی تووشبوونیان بە ڤایرۆسەکە لێدەکرێت گەیشتووەتە 23هەزار و 589 کەس و ئەوانەی خراونەتە ژێر چاودێریەوە ژمارەیان بەرزبووەتەوە بۆ 187هەزار و 518کەس.

جگە لە چین ژمارەی حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسەکە لە هۆنگ کۆنگ بەرزبووەتەوە بۆ 36و لە هەرێمی ئیدارەی تایبەتی ماکاو 10کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

کۆمیسیۆنی تەندروستی چین باسی لەوەش کردووە کە لە سەرتاسەری چین و لەماوەی تەنیا 24کاتژمێردا 97 کەسی دیکە گیانیان لەدەستداوە، هەروەها سێ هەزار و 62حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە دەستنیشانکراوە.

کۆمیسیۆنی تەندروستی چین باس لەوەش دەکات، کە ڕێژەی ئەوانەی لە چاکدەبنەوە هەشت هێندەی ئەوانەیە کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەمرن.

لەو کەسانەی تا کاتی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوەکەی کۆمیسیۆنی تەندروستی چین بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەستداوە 871کەسیان لە شاری هوبێی ناوەندی سەرهەڵدانی پەتاکە بووە و لە ویلایەتەکانی هیلۆنگجیانگ حەوت و لە هینان شەش و لە هاینان و ئانهوی یەکی سێ کەس و لە گوانگدۆنگ و هونان و جیانگشی یەکی یەک کەس گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها لەو شارانەی ڕاستەوخۆ سەربە ناوەندن لە پەکین و چۆنگچینگ یەکی، دوو کەس گیانیان لەدەستداوە و لە شانگەهای و تینجین یەکی، یەک کەس. لە هەرێمە خۆبەڕێوەبەرییەکانی گوانگشی و هۆنگ کۆنگ یەکی، یەک کەس. ژمارەی ئەو کەسانەیش کە دوای وەرگرتنی چارەسەر نەخۆشخانەیان جێهێشتووە گەیشتووەتە سێ هەزار و 283 کەس.

ژمارەی قوربانیانی NCP پێش SARSکەوتووە

بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵانی 2003-2002ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی SARSکەوە لە جیهاندا گیانیان لەدەستداوە، 774کەس بوون کە زۆربەیان لە چین بوون.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ماوەی یەک مانگدا بەهۆی NCPەوە گیانیان لەدەستداوە لەو ژمارەیە زیاترە کە بە هۆی SARSەوە لە ماوەی ساڵێکدا گیانیان لەدەستداوە.

دەمامک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتا مەترسیدارەکە

لەلایەکی دیکە و لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە تەندروستییەکانی کۆمیسیۆنی تەندروستی چین بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی زیاتری ڤایرۆسەکە بەهاوکاری لەگەڵ شارەوانی پەکین بڕیاریدا هەر کەسێک لە شوێنە گشتییەکانی وەک هۆتێل، ڕێستۆرانت، سوپەرمارکێت، ناوەندەکانی کاتبەسەربردن و هۆکارەکانی گواستنەوە دەمامک بەکارنەهێنێت دەستبەسەر دەکرێت.

زۆربەی ئەو کارگانەشی دەمامک و پێداویستییە پزیشکییەکان بەرهەمدێنن لە ویلایەتی هوبایین کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڤایرۆسی کۆرۆنای تیادا بڵاوبووەتەوە، بەم هۆیەوە کۆگاکانی دەمامک لە دەرمانخانەکانی پەکین توانای دابینکردنی ڕێژەیەکی پێویستی دەمامکیان نییە، بۆیەش دوای سەرهەڵدانی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا (2019-nVoC) لە چین، داخوازی لەسەر دەمامک لەو وڵاتە زیادیکردووە.

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بەوەش دەکەن کە بەڕسانی چین داوای 200ملیۆن دەمامکیان لە کارگە پزیشکییەکانی تورکیا کردووە و پزیشکەکان باس لەوە دەکەن کە یەکێک لە ڕێوشوێنە سەرەکییەکان بەرامبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا بەستنی دەمامکە. چین کە گەورەترین بەرهەمهێنەری دەمامکە لە جیهاندا دوای سەرهەڵدانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ناتوانێت خواستی ناوخۆ دابین بکات، لەبەرئەوە پەنای بردووە بۆ دەرەوەی وڵاتەکەی بردووە بۆ دەستبەرکردنی.

بەو پێیەش کە تورکیا هەناردەکاری دەمامکە، یەکێکە لەو وڵاتە سەرەکیانەی چین داوای دابینکردنی دەمامکی لێکردووە. بەو هۆیەشەوە کەرتی بەرهەمهێنانی دەمامک لەو وڵاتە زۆر سەرقاڵە و ئەو بەرهەمهێنەرانەی دەخوازن داواکاری چین دابین بکەن بە بەردەوامی کاردەکەن.

نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەری تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا

بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەو نەخۆشخانەیەی کە حکوومەتی چین بڕیایدا بە ماوەی 10ڕۆژ لە پەکین ی پایتەخت دروستی بکات لە ڕۆژی 2020_2_3کرایەوە بۆ پێشوازیکردن لە تووشبووان بەو پەتا مەترسیدارە.

تەلەڤیزیۆنی ناوەندی چین بڵاویکردەوە کە ئەو نەخۆشخانە 1000قەرەوێلەییەی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دروستکراوە، کتومت بەشێوەی ئەو نەخۆشخانەیە نەخشەسازی بۆ کراوە کە بەهۆی نیشانەکانی تێکچوونی کتوپڕ و توندی ڕێڕەوی هەناسەدان لە 2003لە پەکین دروست کرابوو.

ئەو نەخۆشخانە دوو نهۆمییە کە ڕووبەرەکەی 50هەزار مەتر چوارگۆشەیە لەلایەن حەوت هەزار تیمی پیشە جیاوازەوە دروستکراوە و 30یەکەی چاودێری چڕی پزیشکی لەخۆ دەگرێت.

بونیاتنانی نەخۆشخانەیەکی هەزار و 500قەرەوێلەییش لە وهان بەردەوامە کە پێشتر ڕاگەیەندراوە لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواو دەکرێت.

هاوکات لە ڕێگای هەشت فڕۆکەوە لە چوار شاری جیاوازی چین، هەزار و 400 کارمەندی سەربازی پزیشکی هێندرانە نەخۆشخانەکە بۆ ئەوەی هاوکاری تیمە پزیشکییەکانی ئەو شارە بکەن و مادەباشی تەواو وەربگرن بۆ حاڵە لەناکاوەکانی دیکە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری قوهانی سەر بە ویلایەتی هوبای چین جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە. لە 31ی کانوونی یەکەمیشدا کۆمیسیۆنی تەندروستی شارەوانی ڤوهان ڕایگەیاند دوای ئەوەی 27 کەس بەهۆی سەردانی کردن و ئیشکردن لە بازاڕی بەرهەمە دەریاییەکانی هوانان دووچاری ڤایرۆسەکە بوون، بازاڕەکەیان داخستووە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە سەرچاوەی ڤایرۆسەکە چەند جۆرێکی شەمشەمە کوێرە و مارە ژەهراوییەکانن، بەم هۆیەوە تا بنەبڕکردنی ڤایرۆسەکە بازرگانی کردن بە ئاژەڵە کێوییەکانەوە قەدەغە کرا.

لە ماوەیەکی کورتیشدا ڤایرۆسەکە بۆ شار و ویلایەتەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد و بەم هۆیەوە لە 22ی مانگی ڕابردوو لە 17 شاری ویلایەتی هوبای هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی وەستێندراون. لە بەشێکی شارەکانیشدا تەنها نەخۆشخانە، دەرمانگا، بەنزینخانە و مارکێتەکانی فرۆشتنی خۆراک کراوەن و سەرجەم شوێنەکانی دیکە داخراون.

هەروەها بۆ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەوە زۆرێک لە کۆمپانیا فڕۆکەوانییە جیهانییەکان گەشتەکانیان بۆ چین وەستاندووە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لە ناکاوی ڕاگەیاندووە.

چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

بەڕێوەبەری پڕۆگرامی بڵاوی لەناکاوی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، مایک ڕاین گوتی: ئەرکێکی زۆر قورسە، بەڵام بەرپرسیارێتییەکی مەزنە، نیگەرانین، کە نەخۆشییەکی زۆر گەورەمان هەیە بەڵام چارەسەرمان نییە.

پزیشکەکان باس لە چۆنییەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەن و پێیانوایە ڤایرۆسەکە لە ڕێگەی سییەکانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و بۆڕییەکانی هەناسەدان دەگرێت، ئەوان دەڵێن: ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە منداڵان کەمترە، بەو پێیەی منداڵان بەرگری لەشیان بەهێزترە، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەش لەگەڵ هەناسەدان و لەکاتی قسەکردن و پشمین و کۆکە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەپژێتە دەورووبەر، بۆ دەرکەوتنی نیشانەکانی تووشبوونیش بەم ڤایرۆسە ئەو کەسانەی گومانیان لێدەکرێت بۆ ماوەی 14ڕۆژ دەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکی تا بۆیان دەسەلمێندرێت کە هەڵگری ڤایرۆسەکە یان نا.

پزیشکەکان ڕێنمایی ئەوەش دەدەن کە بۆ خۆپاراستن لەم ڤایرۆسە پێویستە ئەم هەنگاوانە بگیرێتەبەر:

دوورکەوە لەوانەی نەخۆشن، پاکوخاوێنی و دەستشووشتن گرنگن. کە تێکەڵاوی خەڵکت کرد، هەوڵدە دەست لە دەم و لوت و چاوت مەدە. لە جیاتیان کلینیکس بۆ ئەو مەبەستان بەکاربهێنە هەتا ئەو کاتەی دەست دەشۆیت وەیان تەعقیمی دەکەیت.

خەڵک ماچکردن، تۆقەکردن باش نین. تێکەڵاوی خەڵکی زۆر لە ژووری داخراوی بچووکدا باش نییە.

لەکاتی تێکەڵبوون، هەناسەی بەرامبەر هەڵمەمژە، تۆزێک دوورەپەرێز بە، بەتایبەتی خۆت لەوانە بپارێزە کە دەکۆخن و دەپژمن.

4- لەش ساغی، ئاو خواردنەوە، خواردنی باش، وەرزش، چوونە بەر هەوای فرێش، هەموویان هاوکاریت دەکەن. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی(WHO)نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای دیاریکردووە لەوانە: سەرئێشە و هیلاکی، بەربوونی ئاوی لووت، تالێتهاتن لە سەرووی 38 پلەوە، کۆکەی قورس، هەناسەتوندی، ئازاری ماسولکەکان.





منداڵان کەمتر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن و بەرگری لەشیان بەهێزترە

لە یادی 25 ساڵەی شەهیدی فەرماندە (سلێمان هەرنی)دا شەهیدێک هەردەم لە دڵی میللەتدا زیندووە



ڕەمەزان هەرنی

شەهیدی فەرماندە (سلێمان ڕەمەزان سلێمان) ناسراو بە (سلێمان هەرنی) یەکێکە لەوخەباتکارە ناسراوانەی کە تۆمارێکی زێڕینی لە پێشمەرگایەتی نەخشاندووە، لە ساڵی 1937لە گوندی هەرنی لە بناری بی چیای پیرس لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێر لە دایکبووە.

شەهید سلێمان هەرنی، لە تەمەنی منداڵی بووە کە گوندەکەیان چەند جاران لە لایەن داگیرکەران و ناحەزانی کورد سوتاوە و خێزان و ماڵباتیان دەربەدەر بووە. بۆیە لە تەمەنی لاویەتیدا هزرو بیروباوەڕی لەپێناوی کورد‌ایەتیدا تەرخان کردووە و لە ڕێکخراوەکانی نهێنی ناو ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەڤەرەکەی خۆی خەبات دەکات و لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە دەبێت و یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان بوو، کە نزیک و جێی متمانەو باوەڕپێکراوی شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆک مسعود بارزانی بووە. لە بەر ئازایەتی لە ساڵی 1978 پلەی ئامیر هێز وەردەگریت و لە ساڵی 1982دەبێتە بەرپرسی هێزی عەسکەری لە ئاکری و ئەندامی لێژنەی ئاکری.

شەیهد سلێمان هەرنی ، فەرماندەیەک بوو کە وەک پێشمەرگە خەبات و چالاکی ئەنجام دەدا، لە شەڕی میرگەسۆر بە سەختی بریندار دەبێت ساڵی 1988 لە کارەساتی ئەنفالی ڕەش لەگەڵ برایەکان و پێشمەرگەکان خۆیان دەهاونە ناو جەرگی دوژمن و هاوکاری ئەو خێزانانەیان دەکرد کە دەچوونە سنووری ئێران و تورکیا. لە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و دەبێتە بەرپرسی هێزی خازرو پاشان لە ساڵی 1992 ساڵی 1961پەیوەندی بە شۆڕش دەکات و چەکی شەرف لە شان دەکات و ڕۆڵێکی جوامیرانە دەبینی و بەشداری چەندەها داستانەکانی دەڤەری بادینان و ناوچەکانی تری کوردستان دەکات.

شەهید سلێمان هەرنی ، لە ساڵی 1970دەبێتە ئامیرسریە کە سەر بە هێزی ئاکری بوو ولە هەمان کاتیشدا ئەندامی ڕێکخراوی نەهڵی بوو. ساڵی 1972لە شەڕی گرگوران بە سەختی بریندار دەبێت و لە دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت و یەکێک لەو فەرماندەو پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان بوو، کە نزیک و جێی متمانەو باوەڕپێکراوی شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆک مسعود بارزانی بووە. لە بەر ئازایەتی لە ساڵی 1978 پلەی ئامیر هێز وەردەگریت و لە ساڵی 1982دەبێتە بەرپرسی هێزی عەسکەری لە ئاکری و ئەندامی لێژنەی ئاکری.

شەیهد سلێمان هەرنی ، فەرماندەیەک بوو کە وەک پێشمەرگە خەبات و چالاکی ئەنجام دەدا، لە شەڕی میرگەسۆر بە سەختی بریندار دەبێت ساڵی 1988 لە کارەساتی ئەنفالی ڕەش لەگەڵ برایەکان و پێشمەرگەکان خۆیان دەهاونە ناو جەرگی دوژمن و هاوکاری ئەو خێزانانەیان دەکرد کە دەچوونە سنووری ئێران و تورکیا. لە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و دەبێتە بەرپرسی هێزی خازرو پاشان لە ساڵی 1992 دەبێتە ئەندامی لەشکری 6و بەرپرسی بەشی عەسکەری ناوچەی ئاکری و لە 1/5/ 1994لە سەر فەرمانی جەنای سەرۆک بارزانی شەهید فەرماندە سلێمان هەرنی دەبێتە ئامیر فەوجی تایبەت.

شەهید سلێمان هەرنی، کەسێک بووە کە هەر بە بنەماڵەوە ڕێبوارێ ڕێبازی کوردایەتی بوون بۆ ئەوی زۆلم وزۆرداری لە دوژمن قبوڵ نەکەن بۆیە شەهیدی فەرماندە سلێمان هەرنی بە کەسۆکارەوە چوونە پاڵ شۆڕش بۆ ئازادی کوردستان، بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کرد بە ڕابەڕایەتی بارزانیی نەمر، شەهید یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کە هەمیشە عاشقی ڕێبازی بارزانیی نەمر بوو و بۆیە کەسێکی ناسراوە لە ناو هاوسەنگەرانی چونکە ئەوەندە مروۆ دوست و عاشقی کوردایەتی بووە و هەرگیز چەکی لەشان نەکردۆتەوە هەتا ئاخەرین نەفس خەباتی کردووە.

شەهید سلێمان هەرنی، پێشمەرگەیەکی چەلەنگ و لێهاتوو بوو، پێشمەرگەیەک بووە لە بەرەکانی شەڕ ئازا و چەلەنگ بووە، هەردەم ڕۆڵێکی چالاکی هەبووە، بویە بووتە جێگای متمانەی بارزانیی نەمر لەشۆڕشدا. هەروەها لەبواری ڕێکخستنی پارتایەتی و پێشمەرگایەت چالاک و ئازا بووە، هەردەم پاڵپشت و هاندەربووە کە گەنج و لاو بچنە ناو ڕیزەکانی شۆڕش. بۆیە لەبەر لێهاتویی و دڵسۆزی پلە لە دوای پلە وەردەگرێت و دەبێتە یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی ئاکری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. هەروەها ئەو هەمیشە خۆی بە پێشمەرگە دەزانی، هەرگیز حەزی لە پلەو پایە نەبوو، هەرچی فەرمان لە سەرکردایەتی شۆڕش بۆی دەهات، ئەوی ئەنجام دەدا.

شەهید سلێمان هەرنی ، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بوو، هەمیشەپەیوەندی هەبوو بە دەڤەرەی ئاکری تێکەل بە کارەکانی شۆڕش بووە ، بە عەدالەت کارەکانی خۆی ئەنجام دەداو هیچ کاتێک خۆی بە پلەو پایە نەبەستبوو، خۆی بۆ خزمەتی کوردستان تەرخان کردبوو، مرۆڤێکی ئاشتیخواز و عەدالەتخواز بووە و ئێستاش ناوی ئەو قارەمانە لە لای هەڤالانی و خەڵکی دەڤەرەکە هەر بە بەرزی ماوەتەوە کە چۆن خۆی و پێشمەرگەکانی خەبات و خزمەتی خەڵکیان دەکرد ، بارەگای ئەوان ببووە بارەگای خزمەت کردن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵک و شۆڕش.

شەهید سلێمان هەرنی، لە ئەرک و فەرمانەکانی لە شەڕ و هەڵمەتەکانی باشترین پلان و تاکتیکی دژی دوژمن دادەنا و بەشداری دەیان داستانی کردووە کە ئێستاش هاوسەنگەرانی باس ئەو داستانانە دەکەن، هیوای شەهید بەدیهێنانی ئاواتەکانی بارزانیی نەمر بووە بەرامەبەر کورد و کوردستان.

شەهید سلێمان هەرنی، ڕۆژی 11/2/1995شەهید بوو گیانی خۆی فیدای کوردستان کرد و گەیشتە کاروانی نەمران.



شەهید سلێمان هەرنی

یاسای چاکسازی هەنگاوێکی گرنگە لەبواری کارگێڕی و داراییدا





وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی زۆرینەی ئەندامانی پرۆژە یاسای چاکسازی لەخانەنشینی و موچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکەی پەسند کرد و لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژوو کرا کە لە ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دەست پێ بکرێت، کە بەمەش یەکێ لەهێڵە گشتییەکانی کارنامە و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا کە بە هەنگاوێکی هەرە گرنگی چاکسازی دادەندرێت لەهەردوو بواری کارگێڕی و داراییدا کە هەنگاوی تری بەدوادا دێت بۆچاکسازی، کە مەبەست لێیان تەنها بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هێنانەدی دادپەروەرییە.

گرنگە دوای پەسندکردن و واژووکردنی یاسای چاکسازی چەند ڕاستییەک بخەینەڕوو.

-1سەلماندنی ڕاستگۆیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرامبەردەنگدەرانی کە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ڕابردوودا بەکوردستانیانی دابوو دوور لەموزایدە، چونکە بەدڵنیاییەوە گەر لەپەرلەمانی کوردستان فراکسیۆنی پارتی پاڵپشت و پارێزەری سەرەکی پرۆژەکە نەبان، ئەستەم بوو بێتە پەسندکردن، چونکە زۆر هەوڵ لە ئارادا بوون تا لەڕێر بیانووی جۆراوجۆر لەمپەر لەبەردەم پرۆژە یاساکە دروست بکرێت، بەڵام ئیرادەی چاکسازیخوازن ئەوەندە بەهێز بوو بە پابەندبوون بەسیاسەت و کارنامەی ڕێبازی بارزانیی نەمر، پشتگیری پرۆژەکەیان کرد و پەسندکرا لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان.

-2ئەم پرۆژەیاسایە بەشێکی هەرە گرنگە بۆچاکسازی، بەڵام ماناش وانیە کە ئیدی کۆتاییە ، بەڵکو هەنگاوی تری بەدوادا دێت بۆ چاکسازی لەسێکتەرەکانی تر،چونکە پرۆسەکە لێرە ناوەستێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت بەتایبەتیش کە لەڕاگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە لەماوەیێکی گونجاودا پرۆژە یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو ئامادە دەکرێت، بەمەش کێشەی بەشێکی تری خەڵکی کوردستان چارەسەردەکرێت کە سالانێکە داوای ڕێگا چارەیەک دەکەن .

-3بە پەسندکردنی پرۆژەکە کاریگەریی ئەرێنی دروست دەبێت لەسەر ڕێکخستنەوەی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و خانەنشینی پلە باڵاکان و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و کۆکردنەوەی داهات تا بەشێوەیێکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێتەوە لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا، وێرای ئەوەی ڕێگا نادرێت چیتر لەڕێر هەر ناو و بیانوویێک سامانی گشتی بەهەدەر بدرێت و بە میزاج و نایاسایی پلە بەرز بکرێتەوە یان خانەنشین بکرێن.

-4ئیدی لێرەبەدواوە پرسی چاکسازی بووەتە بابەتێکی گشتگیر و خواستێکی جەماوەری، بۆیەش گرنگە هەموو لایەنەکان پشتگیری لەم پرۆسەیە بکەن دوور لەململانێی سیاسی.

سوورە مەرگەیی

یەک پرسیار و یەک وەڵام و چەندین ڕەفتاری جیاواز

لە سیاسی و ناسیاسی، لە گەورە و بچووک، لە مامۆستایەکی زانکۆوە بگرە تا دەگاتە نەخوێندەوارێک و کاسبکارێک، لەم وڵاتە لە هەر کەسێک بپرسی، کورد لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا چی بکات باشە؟ یەک وەڵام وەردەگری ئەویش تەبایی ناو لایەنەکان و کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی کوردە، بەڵام کاتێ باس دێتە سەر ڕەفتار و کردار بەشێک لە بەرپرس و سیاسییەکان پێچەوانەی ئەو وەڵامە هەنگاو دەنێن، هەنگاوی ئەو بەرپرس و سیاسییانە پەیوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و حزبەکەیانەوە هەیە و لەو ڕوانگەیەشەوە بۆ تەبایی و کۆدەنگیی نەتەوەیی دەڕوانن، لە هەرکات و ساتێکدا تەبایی و کۆدەنگی زیان بە بەرژەوەندییە کەسی و حزبییەکانیان بگەیەنێ بە هەر شێوەیەک بۆیان بکرێ دژی دەوەستنەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە هەڵوێستی بەشێک لە خوێندەوار و ئەو خۆ بە ڕۆشنبیر زانانەیە کە لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سیاسییەکان پێچەوانەی وەڵامەکەی خۆیان ڕەفتار دەکەن و پاساو بۆ هەڵوێستی تێکەدەرانەی سیاسی و بەرپرسە بەرژەوەندخوازەکان دێننەوە، ڕەفتاری دووڕوویانەی ئەو خوێندەوار و بەناو ڕۆشنبیرانە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئەو سیاسی و بەرپرسانەی کە بەرژەوەندیی کەسی و حزبی پێش بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەخەن، ڕەفتاری ئەو خوێندەوار و بەناو ڕۆشنبیرانە زۆر مەترسیدارە، چونکە ئیش و کاریان شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتییە ، بەوەش هەم خزمەت بە سیاسی و بەرپرسە بەرژەوەندخوازەکان دەکەن و هەمیش خزمەت کردنی داگیرکارانی کوردستانە.



کتێب لە نێوان خوێندن و نەخوێندنەوە و بازاڕدا



ئەحمەد فازیل

کتێب یان پەرتووک، ناوێکە بەکاردێت بۆ یەکێک لە پیرۆزترین کاڵاکانی (شمەکەکانی) میژووی هەموو مرۆڤایەتی، کە خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە لە هەموو بوارەکانی ژیان و گوزەرانیدا و بەردەوامیشە لەم خزمەتە.

کتێب تاقە شتە کە هەموو مرۆڤایەتی بە جیاوازی بیروباوەڕ و ئایین و ڕەگەزنامەوە بە پیرۆزی دەزانن و هیچ کەسێک نییە لەم جیهانە پان و بەرینەدا دژی کتێب بێت، بەڵام وەکوو کاڵا نەک وەکوو ناوەڕۆک، چونکە ناوەڕۆکی کتێب هەموو جارێک بە دڵی خوێنەر نابێت و جاری واش هەیە وا لە خوێنەر دەکات کە نەک هەر بەدڵی نەبێت بەڵکوو دژیشی بوەستێت. بەڵام وەکوو کاڵایەک کتێب لەلایەن هەموو کەسێک و هەموو بیروباوەڕێک بە سەرچاوە و بنچینەی زانست و داهێنان و پێشکەوتن دادەنرێت.

کۆمەڵگەی ئێمە وەکو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی ڕیژەی خوێندنەوەی کتێب لە ئاستێکی نزمدایە، لەگەڵ ئەوەی ئاماریکی ڕوون و دیاریکراومان نیە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام گەر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێمان تاکی ئێمە خوێنەریش بێت هێشتا خوێندنەوە زۆر کەمە. کە تاکی کۆمەڵگەی کوردی زۆر کۆڵەوار و گوناهە، هەر بۆیە تەمەنی کورت و بێ کتێب بەڕێ دەکات، مەرگ و مردنیشی کاریگەرییەکی عەجیب جێناهێڵێت.

وەکو عەباس مەحمود عەقاد دەڵێ: (کتێب چێژی لە خوێندنەوەدایە). خوێندنەوە چەندین تەمەنی تر بۆ مرۆڤ زیاد دەکات، کە کورد چانسی ئەو تەمەنەی بەرناکەوێت.

مەحمود عەباس عەقاد لەوبارەیەوە دەڵێت: (مرۆڤ لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کتێبێکدا بە ژیان و جیهانی تردا سەفەر دەکات).

دایڤید هیرم دەڵێت: (تەنها خوێندنەوە و بیرکردنەوە گەورەیی و بەرزی گیانی مرۆڤ دەردەخەن).

بەپێی داتای بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری تەنها لە ساڵی 2018 ژمارەی سپاردنی چاپ دراوە بە 2327کتێب، بەڵام ئەم ڕێژەیە زیادبوونی بە خۆیەوە دیوە، بۆ ساڵی 2019 ژمارەی سپاردن دراوە بە نزیکەی 2500کتێب، ئەم داتایانە ئەمە دەسەلمێنن ڕیژەی پێدانی ژمارەی سپاردن و چاپکردنی کتێب، زۆرە و ساڵانە کتێبگەلێکی زۆر چاپ دەکرین، بەڵام ئایا ئەمە پێمان دەڵی ڕیژەی خوێندنەوەش هاوتای ئەم هەموو چاپکراوەیە؟

ئاشتی شێرکۆ کە 28ساڵە کتێب فرۆش و ڕۆژنامەفرۆشە و بەشی زۆری تەمەنی بە دیار کتێبەوە تێپەڕکردووە.

سەبارەت بە بازاری کتێب فۆرشی ئاشتی شێرکۆ گوتی: خراپ نیە بازاری ئێمە بەردەوام هەڵکشان و داشکان بەخۆیەوە دەبینێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دۆخە سیاسی و ئابوورییەی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە هەیە.

سەبارەت بەو کەسانەی کە کتێب دەکڕن و دەخوێننەوە گوتی: ئەوانەن کە مووچە خۆرن و کورە هەژارن و قوتابین، ئەو کەسانە نین کە گیرفانیان پڕە لە پارە، ئەوان بەلای کتێبیشدا دێن ئاوڕی لێ نادەنەوە.

سەبارەت بەو کتێبانەی پر فرۆشترینن ئاشتی شێرکۆ گوتی: کتێبەکانی هیچ کتێبێکی دیاریکراو نیە، هەموو کتێبێک دەفرۆشرێت، بەڵام زۆرترین کتێبێک کە دەفرۆشرێت ڕۆمان و چیرۆک و یاددەشتن.

دەربارەی نووسەرانی کورد ئاشتی شێرکۆ گوتی: ئێستا



ئاشتی شێرکۆ



پێشەوا ئیبراهیم



سیڤەر سدیق

هەموو کتێبێک دەفرۆشرێت، بەڵام زۆرترین کتێبێک کە دەفرۆشرێت ڕۆمان و چیرۆک و یاددەشتن.

دەربارەی نووسەرانی کورد ئاشتی شێرکۆ گوتی: ئێستا کۆمەڵێک هۆکار و گوتی: تۆژینەوەیەکمان نییە تاکو دەرخەری نەخوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بێت، بەهەمان شێوە تۆژینەوە و ڕاپرسییەکی ئەوتۆمان نییە، پێمان بڵێن هۆکاری نەخوێندنەوە چییە. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دەیان ڕێکخراو و دەستە و کۆمەڵەی خوێندنەوە دروستبوون و کاری باشیان کردووە، بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ بە کولتوورکردنی خوێندنەوە هێشتا وەدی نەهاتووە!

دەتوانین نەخوێندنەوە لای تاکی کورد بۆ چەند خاڵێک بگەڕێنینەوە: دۆخ و ژینگەی ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگە. کەمی هۆشیاری پەروەردەیی تاکو لە قۆناخی بنەڕەتییەوە کتێب و خوێندنەوە بە تاک ناشنا بکرێت. دروستنەبوونی جیاوازی، کاتێک تاکی خوێنەریش دەگاتە ئەو بڕوایەی لەڕێی خوێندنەوەشەوە ناتوانێت هیچ بگۆڕێت واز لە خوێندنەوە دێنێت، چ جای ئەوەی نەخوێنەر دەست بکا بە خوێندنەوە.

لە کۆتاییدا دەربارەی بەکولتوورکردنی خوێندنەوەوە گوتی: خوێندنەوە بە کولتوور ناکرێت، ئێمە گیرۆدەی کولتوورین، کولتوورێکی دزێو و ناشیرین، ناکرێت خوێندنەوە بکەین بەو دێوە. دەکرێ پەرە بە خوێندنەوە بدەین، ئەوانەی کۆمەڵگە ئاڕاستە دەکەن پێویستە بخوێننەوە، ئەوەی وا تێگەیشتووین کە گەورە و بچووک و گزیر و وەزیر و نەدار و هەبوو پێویستە بخوێننەوە، نا وانییە.

ئێمە پێویستمان بە خوێندنەوەیە تا لە ڕێگەیەوە ڕۆشنبیربین و پێشکەوین، خوێندنەوە لەپێناوی زۆربوونی خوێنەر هیچ لە دۆخی ئێمە ناگۆڕێت، زۆری و بڕی کەڵکی نییە.

سیڤەر سدیق، قوتابی زانکۆ سەبارەت بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و کاریگەری لەسەر خوێندنەوەی کتێب گوتی: ئێستا سەردەمی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و گەیاندنی زانیاریەکانە بە خێراترین شێوە، ئەویش لە ڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامێرە کارامەکانی وەک کۆمپیۆتەر و جۆرەکانی مۆبایل و ئایپاد و هاوشێوەکانییەوە. مەخابن ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە، لەنێو زۆر لە گەلانی دونیا و نەوەی نوێیاندا، پاشەکشەی بە کتێب و خوێندنەوەی کتێب کردووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هێشتا (مەرگی کتێب) ڕانەگەیەندراوە و پێش ناچێ ڕابگەیێنرێت.

سەبارت بە خوێندنەوە لە لای قوتابیانی زانکۆ، سیڤەر سدیق گوتی: دەبێت قوتابی زانکۆ بتوانێت نایابترین کتێب هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی سود بگەیەنێت بە دەوروبەر، بۆ خوێندنەوە و کۆکردنەوەی زانیاری. هیوادارم هەموو قوتابییەک کتێبخانەیەکی بچووکی هەبێت.

هەژاری و ئاسەوارەکانی لە چیرۆکی ژیاندا



هۆزان خاڵ هەمزە/ مێرگەسۆر

ژیان وەک چیرۆکێک وایە هەردەم لە بەڕێکردنی لاپەڕەی چیرۆکانیەتی و ئیمەش ڕۆژ بە ڕۆژ و چیرۆک بە چیرۆک و لاپەڕەی بە لاپەڕەی بینراو و بیستراو، خوێنەری ئەو چیرۆکانە دەبین کەلە ژیاندا ڕوودەدەن.

بەندەش وەک هەر تاکێکی نێو ئەم کۆمەلگایەی خۆمان، بەپێی ئەو تەجروبە و سەلیقەی بۆمان بەجێ ماوە و پێی گەیشتوین دەبینین کە هەموو زاراوەکان و قسە و باس و خواسکان بەپێی چین و کاتەکان دەگۆردرین و بەرز و نزم دەبن لەم کۆمەڵگایەدا، جارێک بە باشی و جارێکش بە خراپ، هەژاریش بەیەک لەو زاراوانە ئەژمار دەکریت، بۆیە ئەو ئاسەوارانەی لە هەژاریدا دێتە بوون لە هیچ مال و بال و زاراوەیەکی دیکە بەدی نایەت....هەر بۆیە هەژاری لە کۆمەڵگایی کوردیدا بە شیوەیکی گشتی لەم نوسینەدا کورت و پوخت دەکەمەوە و دەیچوێنم و دەیئاخنێنم بە ئەقلی کوردیدا تاوەک دوبارە فۆرمات ببنەوە و پێناسەکانی هەژاریان بگۆرین و بە جۆرێک کە سەودای مامەلە لەگەل کەسانی هەژار بکەن و بینێ و بیستن و خوبندنەوەم وام پێدەلێت:

دۆست و برا و هاوڕێ، کاتێک هەن، کەپارە هەبێت. دیومە کەئەوەی پارەی نەبێت ئەگەر ویستی شتێک بکات، ئەوا هەژاری ڕێی پێ دەگرێت و ناهێلێت ئەوە بکات کە دەیەوێت. هەر کاتێکیش پیاو هەژار کەوت کەس و خزمەکانیشی لێ دوردەکەونەوە و ڕەتی دەکەنەوە، ئەمەش ناچاری دەکات بۆ دەستخستنی ژیان و بژیوی بە چاک و خراپەوە بە حەلال و حەرامەوە کامەی سەری گرت دەیکات، گوێ بە مەترسی نادات لە هەر کاتێکدا دەست بۆ مالێ حەرام دەبات. بەمەش دووچار زەرەرمەندی دەبێت لای خوا و خەڵک و لاری دەبێ لە دونیا دوا ڕۆژ. حاڵی وەک ئەو دەدرێت. کەواتە هەژاری سەری هەموو بەلا و ناخۆشی و ئاشوبییە. کەسانی هەژار هەن کە ئەگەر چی چەرخی فەلەک لە دژیان دەخولێتەوە و ئەو هەلەیان نییە بژێوی ژیانی خۆیان وەکو پێویست فەراهەم بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوایان بە ژیانە دانەمرکاوە و بەردەوام لە خەبات و کۆششدان بۆ ئەوەی بگەن بە کەناری ژیانێکی ئاسوودە و ئارام، ئەم جۆرە کەسانە جێگای متمانە و ڕێزی خەڵک و کۆمەڵگان. بۆیە دەبێ کۆمەڵگاش هاوکار هەماهەنگی خەڵکی ڕەنجدەر و کۆڵنەدەربن بۆ ئەوەی ئەو ڕەنجدەرانە نەکەونە داوی نالەباری هەژاری و بەلاڕێدا نەگوزەرێن.



وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
سەرۆکایەتی شارەوانی ینەسڵاوە
بەشی مۆڵکایەتی

ژمارە: ١٠٩ / ٤٨٠
ڕێکەوت: ٢٠١٠ / ٢ / ٢٠٢٠

جاڕدان

سەرۆکایەتی شارەوانی بنەسڵاوە هەڵدەستێت بە گۆڕانکاری و هەمواکردنەوەی نەخشەی ناوچەی پیشەسازی نوێی بنەسڵاوەی پەسەندکراوی ژمارە (٥٢٥) لە ١٤ / ١٢ /٢٠١٩ لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١٠٨٣٨ / ١ / ك ٨٦ بنەسڵاوە) بەمەبەستی گۆڕینی شوێنی بەنزینخانە بۆ کارگەی پاککردنەوە هەر کەس ڕەخنە و پێشنیاری هەیە لەلایەن دەزگای میریەکان و نیمچە میریەکان با سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی ناوبراو بکات لەماوەی یاسایی کە (٣٠) ڕۆژە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم جاڕدانە.

دارا عمر حسین
سەرۆکی شارەوانی بنەسڵاوە
٢٠٢٠ / ٢ / ١٠

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٤٢٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

جاردانی کەلوپەلی گلدراوە

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٩/٤٢٨٦) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەلوپەلانەی خوارەوە کەبەبری ٤,٢٦٠,٠٠٠ ملیۆن دینار قرساوە بە لێك زیادکردنی ناشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (هادی روستم صابر البقال) کە بڕەکەی (٣١,٨٠٠,٠٠٠) دینارە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لەماوەی ٣ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە و بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ کە لە ١٠٪ی نرخە قرساوەکەیەتی و دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەلوپەلەکان:
١- ٢٧ دانە سپلیت جۆراوجۆر بەبری ٢,٧٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
٢- یەك سپلیت عامودی بەبری ٣٠٠,٠٠٠ هەزار دینار.
٣- ٢٥ دانە سیسم دار یەك نەفەری + ١٢ بوفەی دوو دەرگا. بەبری ٧٥٠٠٠٠ هەزار دینار
٤- ٨ تانکی ئاو بەبری ٤٠٠,٠٠٠ هەزار دینار
٥- میز استقبال بری ٣٠,٠٠٠ هەزار دینار
٦- مزەخەی ئاو بەبری ٥٠,٠٠٠ هەزار دینار.
٧- ٣ دانە جهاز أطفاء بەبری ٣٠,٠٠٠ هەزار دینار.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٦٨٦
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٩

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆڵکی ژمارە ١٩/٢٠١ کە کەوتوتە کەرتی ٤٦ وارش دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کەمال حمید احمد کە گلدانەوەی خاوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی منصور محمد سلطان بەبڕی/ ١٣٠,٠٠٠,٠٠٠ سەدو سی ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر شەقامی بحرکەی کۆن نیوان ٣م – ٦٠م ١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو ژمارە (١٩/٢٠١) ٤٦ وارش)
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە باڵەخانەیەکی ٣ نهۆمی بە کەم دوکان و مخزن وە نهۆمی دووەم و ستیەم وەك شقفە دروستکراوە
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٢١١,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو یانزە ملیۆن دینار.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٥٥١٠/ش٥/٢٠١٩

کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٣٩/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (دیمة یاسر صبحی)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٣٩/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (صقر نشوان قحطان) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ بڕیاری دا بە تصدیق طلاقی خارجی لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (صقر نشوان قحطان) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بڕیار درا بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.

دادەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٢٨/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (محمود احمد الدیری)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٨/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (ایة ولید العمر) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ بڕیاری دا بە اثبات زواج لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (ایة ولید العمر) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بڕیار درا بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.

دادەر/ مسعود سعید صدیق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٢٤٠٣
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆڵکی ژمارە ٣٠/٢٣٢٧ کە کەوتوتە کەرتی ٩٤ باداوە دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار کفیل/ فلاح حسن محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای ملوك بەبڕی/ ٢٨,٢٣٥,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر – ژمارە ٣٠/٢٣٢٧ ك ٩٤ باداوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە دوو خانوو هەر خانوێك پێك دێت لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لەخوارەوە دوو ژوورو حمام و مرافق لە خوارەوە لەبلۆك کۆنکریت دروستکراوە
٥ – ڕووبەرەکەی/١٩٨,٦٦ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٩٥,٠٧٤,٩٨٧ ملیۆن دینار بەشی کفیل قەرزار.

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٣

ژمارە : ٢٧٨٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٣

ئاگاداری
بۆ داوالێکراو (ئاسۆ جمال مظفر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (فریدە عیسی محمد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٣١٤/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای (اثبات نسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نوسراوی اشعاری مختاری (شاویس) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٥/٣٣٤/٣٥٦
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٠

ئاگاداری

سپیدی .

دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر

ژمارە:١١٦/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٦

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (دلدار فاروق محمد علی)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٦

ژمارە:٥٣١٤/ش٦/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ئاسۆ جمال مظفر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (فریدە عیسی محمد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٣١٤/ش٦/٢٠١٩) تیایدا داوای (اثبات نسب) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی نوسراوی اشعاری مختاری (شاویس) بڕیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کریارە.
کەل و پەل مەلەوانگە و شوفاز

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٥/٣٣٤/٣٥٦
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٠

ئاگاداری

ئاگەهداریا هەڤوەلاتییێن بەرێز دکەین کو سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا (١٥) پانزدە کوگەهێن عەلافا بێن ئافاکری ئەوێن ل خارێ دیار بو ماوێ ٣ سێ سالا ل دیف فرۆتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا داخوازیێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ وەك بارمتە ژ بهایێ خەملاندنێ بو هەمی ماوێ گرێبەستێ بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ (٣٠) ڕۆژا ل ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئەف سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل دەم ژمێر (١٠) دەهێ سپێدێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤێت دێ بهایێ بەلافکرنێ و هەمی خەرجییێن پێتڤی کەڤنە ستوێ وی.

١- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٤/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ٣,٠٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٨٠٠,٠٠٠
٢- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٦/١ ڕووبەرەم٧٠,٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٣- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٠٨/١ ڕووبەرەم٧٠,٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٤- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٠/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٥- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٢/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٦- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٤/١ ڕووبەرەم٧٣,٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٧- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٥/١ ڕووبەرەم١٦٨/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٨- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٧/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
٩- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٨/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٠- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢١٩/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١١- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٤٩/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٢- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥١/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٣- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٣/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٤- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٥/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ١,٨٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٠٨٠,٠٠٠
١٥- پارچە ئەرد ل کەرتی ٩٥ لالەیی/ ٢٢٥٧/١ ڕووبەرەم٧٢/٢ بهایی خەملاندنێ بو هەر سالەکی/ ٣,٠٠٠,٠٠٠ بارمتە/ ١,٨٠٠,٠٠٠

بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٢٠٥٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING)
بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٤) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ایاز اوغز درویش) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٨٨٥
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (MIRDESSAN / بۆ بازرگانی گشتی وهاوردە وهەناردە / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٩٠٠
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ژیان / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری بۆ سەرجەم وەبەرهێنەرانی کوردستان
بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆنگرەی یەکەمی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاگاداری سەرجەم ئەندامان دەکەینەوە کە ڕۆژی (شەممە) ٢٠٢٠/٢/١٧ دوا مۆڵەت بۆ نوێکردنەوەی ئەندامیەتی بەپێچەوانەوە مافی خۆ پاڵاوتن و دەنگدانتان نابێت.
یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ELECTRICAL SYSTEM ENGINEERING) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارەبایی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ ایاز اوغز درویش
نانیشان/ هەولێر – هیوا ستی
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٥٣٨٦٨

دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ١٧١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٢/٥
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (فواد احمد داود) دانیشتوی قەزای کۆیە/ گەڕەکی گردی بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
لەسەر داخوازی هاوسەرەکەت (احمد داود علی) لەداوای ژمارە(١٧١/ش/٢٠١٩)ئەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٩/٩/٢٢) بڕیاری لەسەر دەرکری بە پێدانی بژێوی بەردەوام(النفقة المستمرة) بۆب اوکت (احمد داود علی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وە روونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە، وەپشت بەستن بەماددەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادرت بکاتەوە بەناوەرۆکی ئەم بڕیارە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وەتۆش مافی تانەی نارەزایی و پێداچوونەوەت (الاعتراض والتمییز)ت هەیە لەماوەی (١٠)دە ڕۆژ لەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگانامەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
دادگای باری کەسی تەق تەق
ژمارە/ ١١٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٢/١
جاردان
بۆ داوالێکراو/ امینە خضر رسول/ کەشوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لەداوای ژمارە(١١٣/ش/٢٠١٩) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١/٢٣) بڕیاریدا بە سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان تۆو هاوسەری کۆچکردووت بەناوی(ادریس نامق خضر) لەڕێکەوتی(١٩٩٨/٦/٢١) لەسەر هەریەک لە لەمارەیی پێشەکی و پاشەکی(١٠) مسقال زێر عەیار ٢١، وەچەسپاندنی ڕەچەڵەکی هەریەک لە (کاوان و محمد ریباز) لەسەر تۆو هاوسەری کۆچکردووت بەناوی (ادریس نامق خضر)، کە (کاوان ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠١/١/١) و (محمد ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠٣/٤/٢٢)و (ریباز ادریس نامق) لەدایکبووی (٢٠٠٥/٨/٥) و گشتیان ڕەگەزیان (نێرە) وە ئایینیان (ئیسلام) وە ڕەگەزنامەیان (عێراقی)وە بناری هاوسەریان (سەڵت)وە شوێنی لەدایکبوونیان(سلێمانی - رانیە)یە. وە خستنە ئەستۆت خەرجیەکانی داواو ماندووبوونی پارێزەرایەتی، وەلەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بڕیاری دا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئاگادار بوونت بەبڕیاری ئەم دادگایەو تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لەرێکەوتی بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ محسن صالح محمود
***
ئاگاداری

ئاگادارییا وەبەرهێنەرێت پارێزگەها دهۆکێ دکین بۆ نیکرنا ناسنامێت وەبەرهێنەرایەتی و دانا ئابونێت سالانەییت یەکێتی وەبەرهێنەرانێ کوردستان تایێ دهۆکێ.
دیاهیک ڕۆژ ٢٠٢٠/٢/١٧
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٢١٥/ش/٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل)
ئامازە بە داوای ژمارە (٢١٥/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (دونیا سربست خالد) و داوالێکراو (ڕەوەند احمد اسماعیل) جۆری داوا (بژێوی-نفقە)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی ژیان-هەولێر دادگا بڕیاری دا لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٨ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێکی یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بە پێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوونەوە/بەدواداچوونەوە
ژمارە/ ١٦٧٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠
ئاگادارکردنەوە
بەپێی بەدواداچوونەوەی لیژنەی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان وە سەردانیان بۆ کارگەی دارتاشی دورستکردنی صندوقی هەنگ لە شقلاوە کە بۆ بەرژەوەندی هەنگەوانانی کوردستان تەرخانکراوە بۆمان دەرکەوت ئەم کارگەیە بەکاردەهێنرێت تەنها بۆ بەرژەوەندی تاکی وە هەنگەوانان سودمەند نەبووینە لەم کارگەیەوە شوێنەکە سیمای بارەگا و ئۆفیسی تیانەماوە و بوویتە حەوانەوەی خانەوادەیەک لەگەل دروستکردنی باخچەیەکی کەسی لەبەردەم ئەم بارەگایە و تەرخانکردنی بەشێک لە حەوشەکەی بۆ بەخێوکردنی هەنگ و بەشێکی تر بۆ بەخێوکردنی مەرو ماڵات و هەروەها هیچ ڕاپۆرتێکتان بەرزنەکردۆتەوە لە ڕۆژی وەرگرتنتان لە سالی ٢٠١٢ تاکو ئێستا بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە لە ماوەی ١٥ ڕۆژ بە لابردنی ئەم زێدەڕۆیانە وە ناردنی ڕاپۆرتی گشت سالەکان وە بەپێچەوانەوە لە دوای ئەو ماوە دیاری کراوە ئەم کارگەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیان.
د. عبدالرحیم عمر مصطفی
بەڕێوەبەری گشتی
***
ڕێڤەبەریا کومەلگەها دەروازێ ئیبراهیم خەلیل نیڤدەولەتی
بەشێ یاسایی
ژمارە/ ٤١١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٨
ئاگەهداری
کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل رادگەهینیت کو سەر ئێک زیدە کرنا ئاشکەرا یا هەی ژ بو کرێدانا خارنگەها (بەرلمان) دناف کۆمەلگەهی دا ل جهێ ئاماژەکری بو ماوێ ١٠ دەھ هەیفا هەر کەسێ بڤێت پشکداریێ دڤێ سەر ئێکک زێدە کرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ب ڕێژا ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ پێشکێشی ڕێڤەبەریا کۆمەلگەهێ بکەت دماوێ ١٥ پانزە ڕۆژان دا ژ بلاڤەکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ زێدە کرنە ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٥ ل دەمژمێر ١١ یازدەی سپێدێ دێ ئێتە ئەنجام دان ل دەروازێ و هەرکەسێ بو بکەڤێت دێ بهایێ ئاگەهداری بێ و هەمی خەرجێت پێتڤی دێ کەڤنە ستوی وی و بو پتر وەرگرتنا پێزانینا سەردانا دەروازێ ل بەشێ یاساییێ بکەن.
حەمید عەلی ئیبراهیم/ سەرپەرشتێ کۆمەلگەهێ
***
محافظة اربیل
مدیریة العقود العامة
الرقم/ ٣٧
تاریخ/ ٢٠٢٠/٢/١٠
اعلان
م/ مناقصة سریة / الرقم (٥)
تعلن محافظة اربیل / مدیریة العقود العامة/ عن المناقصة السریة لمشروع (نقل لمادة (زیت الغاز) المجهزة للمولدات الکهربائیة في مجمعات ایواء العوائل النازحة في محافظة اربیل الذي یقوم بتنفیذها محافظة اربیل علی المقاول او الشرکة الراغبة في المناقصة مراجعة مدیریة العقود العامة / قسم الحسابات في محافظة اربیل بغرذ استلام نسخة من المناقصة و شروط تنفیذ المشروع اعلاه بشرط ان یقدم المناقصة في ظرف مختوم و مسجل علیه عنوان المقاول او الشرکة و یقدم الی سکرتیر لجنة فتح العطاءات في دیوان محافظة اربیل/ الادارة المحلیة علما ان اخر موعد لاستلام العطاءات الساعة ١٢ ظهرا من یوم الاثنین تاریخ ٢٠٢٠/٢/٢٤.
دائرتنا غیر ملزمة بقبول أوطأ العطاءات و یتحمل من ترسو علیه المناقصة أجور نشر الاعلان.
شروط قبول المناقصة:
- شرکة مختصة بنقل المنتوجات النفطیة واجازتها مجددة لسنة ٢٠٢٠.
- وضع التأمینات البدائیة بمبلغ (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) خمسون ملیون دینار علی شکل صك مصدق او خطاب ضمان مع صحة صدوره من احد المصارف الحکومیة في اقلیم کوردستان او من احد المصارف اهلیة الغیر الحکومیة و یجب ان یتم مصادقة قبل مصرف هریم المرکزي.
- براءة ذمة من دائرة ضریبة الدخل مجددة لسنة ٢٠٢٠.
- سعر بیع العطاءات ٢٥٠,٠٠٠ مائتان و خمسون الف دینار. لا یعاد.
د. فەرسەت صۆفی عەلی
محافظ اربیل

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Job Announcement	
Position Title	IT/Network Engineer
Direct Supervisor	Information Technology Manager
Department	Information Technology
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job Reference: NE/IT/Feb /20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Installs, configures, and supports Microsoft physical, Virtual servers, local area network (LAN), wide area network (WAN) and Internet. Oversees the daily performance of computers, servers and network gears

Sets up equipment for employee use. Ensures proper installation of cables, operating systems, or appropriate software. Monitors network and communication systems in Khormor to ensure network availability to all system users/IP phones and performs necessary maintenance to support network availability. Installs and performs minor repairs to hardware, software, or peripheral equipment, following design or installation specifications. Refers major hardware or software problems or defective products to vendors or technicians for service. Assists in network modelling, analysis, planning, and coordination between network and data communications hardware and software. Responsible for IT security, firewall, network operation continuity, VPN, load balancer and user access right. Reviews technical manuals, confers with users, conducts computer diagnostics to investigate and resolve problems. Reports to the IT Manager.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

Network Infrastructure Administration

1. Manages all Networking, server and communication systems at Khormor.
2. Installs, configures, administers and troubleshoots computers hardware, networks, internally developed applications and other general supported software.
3. Plans, coordinates, and implements network security measures to protect data, software and hardware.
4. Analyses network data to determine network usage, disk space availability or server function.
5. Monitors network performance to determine whether adjustments need to be made, and to determine where changes will need to be made in the future.
6. Implements and provides technical support for voice services of IP Phones and private branch exchange.
7. Performs servers' data backups and disaster recovery operations.
8. Diagnoses, troubleshoots and resolves hardware, software or other network and system problems and replace defective components when necessary.
9. Maintains and updates an inventory of all monitors, keyboards, hard drives, modems, printers, scanners, and other peripheral equipment.
10. Aids in the development of business continuity and disaster recovery plans, maintain current knowledge of plan executables, and respond to crises in accordance with business continuity and disaster recovery plans.
11. Takes care of the communication devices, Internet access with FOC/VSAT to make sure the smooth & continuous operation of Business at KM as usual.

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Reporting and Communication

12. Reports to the IT Manager on all issues relating to IT network administration within Khormor.
13. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

14. Researches new technologies by attending seminars, reading technical articles, or taking classes and recommend changes to improve systems and network configurations, and determine hardware or software requirements related to such changes.

Decision–making Authority

Delegated to take appropriate decision on IT matters in the absence of IT Manager

Working and Other Reporting Relationships

IT Manager	Frequent/daily
Director of Business Services	Occasional when required

Supervisory Responsibility

-

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

- Bachelor of Engineering in IT/Computer science discipline
- Microsoft/Cisco certification is desirable

Minimum Professional Experience Required

4 to 5 years' experience with sound knowledge on MS servers, and Networking equipment

Special Requirements and Conditions

English and Kurdish fluently, Arabic is added advantage to have

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions, able to climb towers, ladders and staircases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment

شركة نفط الهلال
Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Critical Thinking — using logic and reasoning to identify the strengths and weaknesses of alternative solutions, conclusions or approaches to problems • Complex Problem Solving — identifying complex problems and reviewing related information to develop and evaluate options and implement solutions • Organizing, Planning, and Prioritizing Work — developing specific goals and plans to prioritize, organize, and accomplish your work • Good communication skills in English and Kurdish • Commitment to continuous learning	• Dependability — job requires being reliable, responsible, and dependable, and fulfilling obligations • Attention to Detail — job requires being careful about detail and thorough in completing work tasks • Stress tolerance — job requires accepting criticism and dealing calmly and effectively with high stress situations • Persistence — job requires persistence in the face of obstacles • Achievement/Effort — job requires establishing and maintaining personally challenging achievement goals and exerting effort toward mastering tasks • Innovation — Job requires creativity and alternative thinking to develop new ideas for and answers to work-related problems • Leadership — job requires willingness to lead, taking charge and offering opinions and direction. • Very good team player • Ability to demonstrate honesty and confidentiality	• Excellent telecommunications — knowledge of transmission, broadcasting, switching, control, and operation of telecommunications systems • Experience in troubleshooting & determining causes of errors and deciding what to do about it • Excellent knowledge in Networking & Servers • Exposure to CCTV/Radio/Fiber optic communications • Good knowledge in business Applications/Databases & Plant software • Good knowledge on SCADA/DCS will be an added advantage • Experience in network security, firewall, and access rights management • Successfully enforce IT policies on all computer and internet users equally

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than 20 February 2020:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is IT/Network Engineer, Ref: NE/IT/Feb/20)

تۆماس فریدمان داوا دەکات دۆنالد ترەمپ بە ئەقڵی کیسنجەر گڕ لە عێراق بەربدا..!

موحسین محەمەد

تۆماس فریدمان نووسەری ناوداری ئەمەریکی ڕۆژی 9ی کانوونی دووەم لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لەسەر ڕەوشی سیاسی ئەمەریکاو ئێران و ڕووداوەکانی ئەم دواییە، وتارێکی بەناونیشانی (پێویستە چاومان لەسەر ئامانجی ئێران بێ) بڵاوکردەوە. هەمان ڕۆژ مالپەڕی (العربیە) وتارەکەی بەناونیشانی (ئایا ترەمپ و ئێران کۆتاییان بە ململانێکە هێنا.. یان ئایندەیان وێران کرد؟) بڵاوکردەوە. لە ڕاستیدا هەردوو ناونیشانەکە گوزارشت لە ناوەڕۆکی وتارەکە ناکات. بابەتەکە لەناوەخنیدا سیناریۆیەکی پێشنیارکراوە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ لە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و ئێران بەتایبەتی. لەهەمان کاتدا، جۆرە هەڵچوونێکە بەرامبەر کەنالی (فۆکس نیوز) ی ئەمەریکی، کە بیروڕای جیاوازی هەیە. نووسەر دەڵێ: کاتێک شرۆڤەکارانی کەنالی فۆکس نیوز دەبینم، دەڵێن:



2 کۆتایی

وتارەکەی تۆماس فریدمان پەیوەندی بە پەیامی هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (1973-1977) هەیە، کە بۆ دۆنالد ترەمپی ڕەوانەکردبوو، داوای لێکرد ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بەتەواوی لەناو نەبات، وەکو سیاسەتی هاوسەنگی هێز، لەدژی هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق. هەر ئەو کات ئەمیر تاهیری نووسەری ئێرانی و مشار الذایدی نووسەری سعودی لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەدژی پەیامەکە هاتنە دەنگ. منیش لە ڕۆژنامەی هەولێر گەلاڵەیەکی بۆچوونەکانم خستە ڕوو. ئەوساو ئێستاش لەو بڕوایەدام، تاوەکو داعش بمێنێ دەستێوەردان لەناوچەکە قوڵتر دەبێتەوە، دواجار هەموومان بەزیانی زۆر گەورە دێینە دەرەوە. لەڕاستیدا بۆچوونی تۆماس فریدمان زۆر زیاترە لەوەی کیسنجەر . نووسەر بە چەند دێڕێک سیناریۆیەکی زۆر ترسناکی خستۆتە ڕوو. ئەگەر ڕووبدا گڕ لە عێراق بەربدات ، ولاتەکە دەبێتە قوربانیی سیاسەتی چەوتی زلهێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان. بەدووری نازانم لە مەودایەکی دووردا هێزە هەرێمییەکانیش باجی قورستر بدەنەوە، بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوانی ئەوان زۆر زیاترە لە دانیشتوانی عێراق . دەبێ هەموو ئەو ڕاستییە بزانین، سەرمایەداری هەست و سۆزی نییە، لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی ئەوەی لەتوانیدا هەبێ دەیکا. مەترسی نووسەر لەوەدایە، ئەگەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان ئێران و ئەمەریکا بەو شێوەی ئێستا بەردەوام بێ، ئەوە ئێران هەمان ئەو شتەی بە جیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا (1982=1974) کرد بە ترەمپ و ئەوەی دوای ترەمپیش دەکات، ناوچەکە بەرەو پشێوەیەکی گەورەتر دەڕوات. بۆ زۆرکاربوون لەو دۆخەو ئایندەی ترسناکی ناوچەکە، فریدمان سیناریۆیەک پێشنیار دەکات وەکو تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکە. ئەو پێشنیار دەکات ، ڕێکەوتنێکی دیکەی ئەتۆمی ساکار و دڕێژخایەن لەنێوان ئەمەریکا و ئێران بکرێ. لەم گۆشەوە دووپاتی هەمان داوای ئەمەریکا دەکاتەوە، کە هەمیشە دەڵێن: نابێ ئێران چەکی ئەتۆمی هەبێ. ئێرانییەکان هەرگیز بانگەشەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمیان نەکرووە، بەڵکو بەحەرامیشی دەزانن. بەبۆچوونی ڕۆژئاوا، ئەگەر ئێران دەستی بەچەکی ئەتۆمی بگات، ئەوە سعودیەو تورکیا و مسریش هەوڵدەدەن دەستیان بەو چەکە بگات. بەبۆچوونی من ئەم پاساوە پتر یاریەکی سیاسییە بۆ داپۆشتنی کرۆکی نەخشە ڕێگەی سیاسی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا. ئەوان نایانەوێ ڕوانینی سەردەمیانەی خۆیان بە ڕاشکاوی بخەنە بەرچاوی گەلانی ناوچەکە. تۆێژەرانی ڕۆژئاوا کە کاریگەریی زۆریان لەسەر سیاسەتی وڵاتەکانیان هەیە، جار جارە لە ڕێگەی بابەتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس و ژێرئاوکەوتنی دەیان شار، ئاماژەی تێکەڵبوونی بەناچاری میللەتان دەکەن. بۆ ئەو گۆڕانکارییە، مرۆڤایەتی پێویستی بە پلانی پێشوەختە هەیە. شەڕی شارستانیەتەکان یەکێکە لەو تێزانە. ئەوەی ئێستا لە وڵاتانی ئیسلامیدا دەگوزەرێ، دەکرێ سەرەتایەکی ئەو پێکدادانە بێ، کە لەنێو جیاوازییەکانی خودی کولتوورە داخراوەکە دەستپێکردووە، ڕەنگە لە کۆتاییدا بەرەو هیندستان و پاکستان هەڵبکشێ، کارەساتی مرۆیی زۆر گەورەی لێ بکەوێتەوە. ئەدی بۆ ئەوان چەکی ئەتۆمیان هەیە؟ کێ ئەو چەکەی بە ئەوان داوە؟ ڕاستیەکە ئەوە نییە کە تۆماس فریدمان بانگەشەی بۆ دەکات. بۆچوونەکانی نووسەر لە ڕوانگەی، تێروانینی پێشووە بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەوت و مللانێتی عەرەبی و ئیسرائیلی، فراوانبوونی دەسەڵاتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە، کە ڕوسیای میراتگر و چین هەڕەشەی جێگرتنەوەی دەکەن . مللانێتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەیەکی لاوەکی نییە، ڕەهەندی زۆر قوڵتری هەیە، پەیوەندی بە گۆڕانکاریەکان و چارەنووسی مۆرفایەتییەوە هەیە. هەموومان دەمانەوێ بمێنین. بابگەڕەتێینەوە یۆ سیناریۆی پێشنیارکراو. نووسەر دەڵێ: پێویستە ترەمپ هەڕەشە لە ئێران بکات، ئەگەر دەست لە عێراق هەڵنەگرێ، ئەوە هەموو هێزەکانمان لەناوچەکە بکشێنینەوە، لێگەڕێن با ئێران خۆی ڕووبەڕووی داعش و هێزە سوونییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تالیبان لە ئەفغانستان ببێتەوە! بەبۆچوونی ئەو، ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ شەکەت کردنی ئێران لەناوچەکەدا، لەمەشدا ئاماژەی بۆ سوتاندنی قونسوڵیەی ئێران دەکات لەعێراق. نووسەر واپێدەچێ ئاگای لە دۆخی ناوەوەی عێراق نەبێ، ڕاستە خۆپێشاندەرانی شیعە دژ بە لایەنە سیاسییەکانن کە زۆربەیان هاوپەیمانی ئێرانن، بەڵام هێشتا ئەو کاریگەریەیان نییە بتوانن ڕەوشی سیاسی عێراق بگۆڕن. زۆرینەی شیعە بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکان لەمێژە داوای دەرکردنی هێزی هاوپەیمانان دەکەن. بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقیش باشترین بەڵگەیە. کورد و بەشی هەرە زۆری سوونە بایکۆتی کۆبوونەوەی پەرلەمانیان کرد، بەڵام سوودی چی بوو؟ ئەوە بڕیارەکە دەڕچوو، حکومەتیش ناچارە سیاسەتێکی میانڕەو بگرێتە بەر بۆ خۆدەربازکردن لەو هەموو گوشارەی کە لەسەریەتی. نووسەر دەڵێ: ناکرێ فەرمان بە ئێران بکەین، دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆی عێراق، لەکاتێکدا ئێمەو وڵاتانی عەرەبی سوونە ئەوە دەکەین. دیسان دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنەکە دەڵێ: لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی یەکلایکەرەوەی نوێ لەگەڵ ئێران بەرامبەر بە لابردنی سزاکان ، لەڕێگەی دیبلۆماسیەتی ئاسایی و بەکارهێنانی هێزی نەرم. ئینجا ئەگەر ئەمە نەهاتە دی، پێویست ناکات، ترەمپ هەڕەشە لە ئێران بکات بە هەناردنی هێزی زیاتر بۆ عێراق و ئەفغانستان. بەڵکو پێویستە ترەمپ هەڕەشە لە ئێران بکات، ئەگەر لەهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی عێراق نەکشێتەوە، ئەوە هێزەکان بکشێنێتەوەو ناوچەکە بۆ ئێران جێبهێڵن. لێگەڕێن چی ڕووەدا با ڕووبدات. گرفتی ئێران بە پێشنیاری یەکەم ڕازی بوو، ڕێککەوتنەکە کرا، دەرگای هەناردەرکردنی نەوتی بەسەردا کرایەوە. ئەوسا بازاڕی نەوت، بەهۆی هەناردەکردنی سێ ملیۆن بەرمیل نەوتی ئێران، جارێکی دیکە دابەزینی زۆر گەورە بەخۆیەوە دەبینێ. عێراق دەکەوێتە دۆخێکی ئابووری زۆر خراپ. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە ئایا لایەنە سیاسیی شیعییەکان دەتوانن دەسبەردارى هاوپەیمانیەتی ئێران بن؟ بێ گومان نەخێر. جارێ ئەوەی کە گرنگترە لە کێشەکە، بابەتی بەشداری ڕاستەقینەی کورد و سوونەیە لە حوکمڕانیەتی عێراقدا، کە ئەمە بەتەواوی نەهاتۆتە دی، سەرەڕای ئەمە، هێشتا ناوچە سوونییەکان وێران، ئاوەدەکان نەگەراونەتەوە، خۆشیان بە پەراوێزی سیاسی دەزانن. کوردیش هێشتا تەواوی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا وەکو خۆی ماوەتەوە، بەڵکو ناوچە دابڕینراوەکانی کوردستان خراپتر بوونە. تەعریب زیادی کردووە، کەمی نەکردووە. ئەمە ڕاستەقینەیە، کێشەی هەردوو پێکهاتە کورد و سوونە لە عێراق هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە، ئینجا ئەگەر ئەمەریکا و هاوچەمانەکانی بکشێنەوە، ئەوە بێ گومان دۆخەکە لە خراپ بۆ خراپتر دەڕوا. دوور نییە جەنگی وێرانکاریی زۆر گەورە لە دوای کشانەوەکە ڕووبدات، وڵاتەکە بەتەواوێ بکەوێتە ژێر پێی هێزە هەرێمییە ناکۆکەکان. ڕاستە، ئێستا لایەنە سیاسییەکانی شیعە دەڵێن: نابۆ دەست تێوەردانی دەرەکی بە ئێرانیشەوە، بەڵام ڕاستیەکە ئەوها نییە، گەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق بکشێنەوە، ئەوکاتە عێرا ق لە ڕووی ئابووریەوە دادەڕمێ، کاریگەریی لەسەر ئێرانیش دەبێ، ئێرانیش ناچار دەبێ خۆی بە وڵاتێکی کەندا دا بدات، ڕەنگە خودی سیناریۆکەی تۆماس فریدمان ئەو مەبەستەی هەبێ. ئەو ناتۆ عەرەبییەی کە نەتوانرا لە دژی ئێران دروست بکرێ، ئەوسا بەیەک ڕۆژ پێکدەهێنرێ. بۆیە تۆماس فریدمان سیناریۆکەی بە باشترین ڕێگە پێناسە کردووە. نووسەر لە کۆتاییدا ڕووی پرسیارەکانی لە ئەمەریکییەکان دەکات، دەڵێ: ئایا هەڕەشەی کشانەوەی هێزەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخی کەمترە لە بەڵێن پێدان بە زیادکردنی تواناکانمان لە ناوچەکە؟ دواجار، ئایا گەڕانەوەمان بۆ هەوەسی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست دەچێتە خانەی بەرژەوەندییەکانمان یان بۆ بەرژەوەندییەکانی چین؟ ئەمە گوتاری نووسەرێکی ئەمەریکی ناوداراە. ئینجا گەر تێڕوانینی ئەمەریکییەکان ئەوهابێ، ئێمە دەبێ تێڕوانینمان بۆ ئەوان لەلایەک و بۆ خۆمان لەلایەکی دیکە چۆن بێ؟ بێ گومان وەڵامی پرسیارەکان ئاسان نییە، بەڵام گەر خۆمان خستە دۆخی سیاسی، چاوەڕێکەو ببینە، ڕەنگە ئەو کات شەمەندەفەرەکە تێپەڕیبێ.


کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1814:
سەربەخۆیی نەرویژ ڕاگەیەنرا و کۆتایی بە یەکێتی کالمار هێنرا.



سالی 1873:
کۆماری یەکەمی ئیسپانیا ڕاگەیەنرا و تا کۆتایی 1874 دریژەی کێشا.



سالی 1979:
لە ئێران دەوڵەتی پەهلەوی داڕما و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ڕاگەیەنرا.



سالی 1986:
لە میانی جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا، بەندەری فاو کەوتە دەستی هێزەکانی ئێران.



سالی 1990:
دوای 27ساڵ بەندکردن، نیلسۆن ماندێلای سەرکردە ئازاد کرا.



سالی 2018:
لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆ ، فڕۆکەیەک کەوتەخوار و 65کەس گیانیان لەدەست دا.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2020/2/11 ژمارە (5930)
خەبات



پارتە سەوزەکانی ئەورووپا بەهێزتر دەبن

ڕەمزی میرەکانی

لەگەڵ چوونی پارتی سەوز لە نەمسا، بۆ نێو حکوومەتی فیدراڵی، بووە چوارەم پارتی ژینگەیی لە وڵاتانی ئەورووپا، کە بەشداریی لە دەسەڵاتی وڵاتەکانیاندا دەکەن. پێش ئەو، پارتە سەوزەکان لە لۆکسمبۆرگ، سوید و فینلەندەش، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا گەیشتبوونە دەسەڵات. هەنوکەش هیواکان لە ئەڵمانیا بۆ ئەوە هەیە، پارتی سەوزی ئەڵمانیاش، بگاتە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ساڵی 2021دا.

پارتی سەوز لە ئەڵمانیا، سوود لە خراپبوونی جەماوەریەتی دوو پارتە سەرەکییەکە لە هاوپەیمانیەتی دەسەڵات وەردەگرێت، ئەوانیش یەکێتیی کریستیانی دیموکراتی لە ڕاستەی ناوەڕاست و پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی (سۆشیالیستی) لە چەپەی ناوەڕاستدا. لەو کاتەی پارتی ڕاستڕۆی توندڕۆ (جێگرەوەی ئەڵمانیا)، دەنگی تۆراوانی لە سیاسەتی کۆچ لە حکومەتوی ئەڵمانیا بەدەستهێنا، کەچی سەوزەکانیش، دەنگێکی زۆری ئەو دەنگدەرانە بەدەست دەهێنن، بەتایبەتی لاوەکانیان. لە لایەکی دیکەوە، ڕاپرسییەک کە بەم دواییە لە ئەڵمانیا کراوە، دەریخستووە، گۆڕانکاریی کەشوهەوا، بووەتە سەرووی پێشنۆرەی دەنگدەران، چونکە پێیان وایە، سیاسەتەکانی ژینگەیی ئێستا بەس نین. ئەوی یارمەتی بەرزبوونەوەی جەماوەریەتی سەوزەکانی ئەڵمانیاش دەدات، ڕۆبرت هابیک، سەرۆکی پارتەکەیە، کە لاوێکی قۆزی کاریزماییە، خەڵکێکی زۆر لەو ڕۆژگارەدا باس لەوە دەکەن، هابیک دەبێتە ڕاوێژکاری داهاتووی ئەڵمانیا. لەبەرئەوەی هەندێ ڕاپرسیی، سەوزەکان دەخنە پلەی یەکەمەوە و بە پێش یەکێتیی کریستیانی دیموکراتی دەخەن، کە خانمە ڕاوێژکار، ئەنجێلا میرکل، سەر بەو پارتەیە، بە پێش سۆشیالستەکانی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتیشی دەخەن، کە کۆنترین پارتە لە ئەڵمانیادا.



دیمەنەکەی ئەورووپا

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەورووپا، ئەوەی لە مانگی ئایاری ڕابردوو ئەنجام درا، سەوزەکان، لە سەرتاسەری ئەورووپا سەلماندیان، بوونەتە ئەو هێزە سیاسییەی کە نابێت گاڵتەیان پێ بکرێت. ئەو پارتانە ئەنجامی ئەرێنی پێشبینی نەکراویان بەدەستهێنا و بووە شتێکی کتوپڕ، دوای ئەوەی ترس لە پەلهاویشتنی ڕاستڕۆیە توندڕۆکان هەبوو، کە هەروەکو خۆیان مانەوە. سەوزەکان نزیکەی 10%دەنگی ئەورووپییەکانیان لەو هەڵبژاردنانە بەدەستهێنا، هەرچەندە قەبارەیان لە چاو قەبارەی ڕاستڕۆی توندڕۆ لە پەرلەمانی ئەورووپا، هەر بە بچووکتر دەمێنێتەوە، کەچی بەوە جیا دەکرێتەوە، لە ڕووی ڕۆژنامە و دەنگدانەوە، قەبارەیەکی یەکگرتووە، لە هەمبەر گرژییەکانی ڕاستڕۆیە توندڕۆکان، ئەوانەی لە بارەی ڕۆژنامەی پەنابەرییەوە ناکۆکن. لە فینلەندا، پارتی سەوز لەوێندەر، باشترین ئەنجامی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو بەدەستهێنا، ئەو ئێستا سێیەم پارتە لە ڕووی قەبارە لە نێو حکوومەتی هاوبەندیی چەپڕۆدا، کە لە پێنج پارت پێکهاتووە. سەوزەکان لە فینلەندا، توندترین ڕەخنەیان لە حکومەتی ڕاستڕۆی توندڕۆ دەگرت، کە لە ماوەی نێوان 2015و 2019دەسەڵاتی بەدەست بوو. لە سوید، پارتی سەوز بەشداریی لە حکوومەتی هاوبەندی چەپڕۆ دەکات، هەرچەندە دەنگێکی زۆریشی بەدەست نەهێناوە. بەڵکو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی ساڵی ?2018 لە پلەی کۆتایی هات، ژمارەی ئەندامەکانیشی 16 پەرلەمانتارە، لەگەڵ ئەوەشدا توانی بچێتە نێو حکوومەت و ڕۆژەڤی ژینگەیی خۆی بسەپێنێت.لە لۆکسمبۆرگیش، پارتی سەوز لە ساڵی 2013ەوە، لە حکوومەتی چەپڕۆ بەشداڕە، کە لە سێ پارت پێکدێت، هەرچەندە ئەوان ڕێژەی زیاتر لە 10% دەنگەکانیشیان بەدەست نەهێناوە. لەو کاتەی سەوزەکان لە فینلەندا، سوید و لۆکسمبۆرگ، چوونەتە نێو حکوومەتی هاوبەندی چەپڕۆدا، کەچی پارتی سەوز لە نەمسا، تاکە پارتە کە لە حکومەتێکی ڕاستڕۆ بەشداڕە. هەرچەندە ئەو پارتە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە، لەبەر ڕازیبوونی لەسەر ڕۆژەڤەکانی پەنابەریی، کە لەگەڵ بنەماکانی خۆی یەک ناگرێتەوە، کەچی لەوانەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووش لە ئەڵمانیا، هەمان شت لەنێوان پارتی سەوز و پارتی یەکێتی کریستیانی دیموکراتی دووبارە بێتەوە. بۆ زانین، هێشتا پارتی یەکێتی کریستیانی، تا ڕادەیەک هەر بە (ناوبژیکەر) دادەنرێت، بەڵام خەریکە گومانێکی زۆر لە بارەی ئایندەی لە ئەڵمانیا دێتە گۆڕێ، بەتایبەتی دوای خانەنشین بوونی خانم ڕاوێژکار ئەنجێلا میرکل، کە لە دوایین ماوەی دەسەڵاتی دایە و بە کرداریش وازی لە ڕابەرایەتی هێناوە. هەندێک لەوە دەترسن، پارتەکەی میرکل، دوای دووركەوتنەوەی سەرۆکەکەی، کە 15ساڵە پێشەوایەتی دەکات، زێدەتر بەلای ڕاستڕۆییدا بڕوات، بۆ ئەمەش سوود لە ئەزموونی پارتی گەلی ڕاستڕۆ لە نەمسا وەرگرێت، بە ئومێدی بەدەستهێنانی دەنگی زێدەتر. ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، لەوانەیە هەمان سیناریۆی نەمسا،لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ساڵی 2021، لە ئەڵمانیاش دووبارە ببێتەوە.

سەرچاوە:
www.aawsat.com



وێنە و کۆمێنت

تا ساڵی 2054 بۆی نییە سەردانی کرێمیا بکات!

لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند کە دەزگای ئاسایشی فیدراڵی ڕووسیا بڕیاری داوە کە ڕۆژنامەنووسێکی تەمەن 34ساڵ بەناوی تاراس ئیبراغیمۆڤ بۆی نیە تا ساڵی 2054سەردانی نیمچە دوورگەی کرێمیا بکات. ئیبراغیمۆڤ لە ڕادیۆی ئەورووپای ئازاد کار دەکات.

مانشێت



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دەسەلاتدارانی چین ڕایانگەیاند کە ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کورۆنا گەیشتە 906کەس و ژمارەی توشبووانیش 40هەزار کەسی تێپەڕاند.



ئیلاف:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.2پلە لە بابوا غینیای نوێ ڕوویدا.



ئەی ئێف پی:
لە باشووری کازاخستان و لە ئەنجامی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان ژمارەیەک لە گوندنشینان 8کەس کوژران و دەیان کەسی دیکە بریندار بوون.



کەنالی ئار تی:
لە هەرێمی کشمیر پارتی بەڕەی ئازادکردنی جامۆ و کشمیر وەک پیشاندانی ناڕەزایی بەرامبەر بە کۆشتنی کەسێک داوای مانگرتنی سەرتاسەری کرد.



فرانس 24:
با و بۆرانی سیارا لە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپا هەڵیکرد و بووە هۆی وەستاندنی گەشتە ئاسمانییەکان و هۆکارەکانی هاتوچۆ.



سکای نیوز:
پۆلیسی نهێنی کۆشکی سپی کەسێکی تەمەن 25ساڵیان بە چەقۆیەکەوە دەستگیر کرد وتبووی هاتووم دۆنالد ترەمپ بکوژم.

www.xebat.net
ساڵی شەشەم 2020/2/11 ژمارە (5930)
خەبات

ژینگەی گونجاو بۆ چاندن گێڵاس



پێویستییە ژینگەییەکانی تەرزە ئابووریی‌ەکانی گێڵاسی شیرین و ترش جیاوازە، پێویستی بە نزیکەی (1300-100)کاتژمێر ساردی هەیە، بۆ کۆتایی هێنان بە قۆناخی حەسانەوە (متبوون) لە کاتێکی گونجاودا و بۆ کردنەوەی گۆپکەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و ئەنجامدانی پیتاندنی باشی گوڵەکان، چاندنی گێڵاس سەرکەوتوو نابێت لەو شوێنانەی وەزی زستانیان فێنک بێت، ئەگەر ئەو کاتژمێرە ساردییە دەستەبەر نەبێت ئەوە گۆپکەی گوڵەکان بە رێکی ناکرێنەوە و گوڵەکان و بەرە بچووکەکان دەوەرێت و ئەوەی دیکەش پێگەیشتنی دوا دەکەوێت. تێبینی کراوە چاندنی گێڵاس لەو ناوچانەی کە وەرزی زستانیان سارد نیە هۆکارە بۆ ئەوەی دەرکەوتنی گۆپکەکان دوا بکەوێت و لە هەندێک کاتدا دارەکان بەرهەمیان لەسەر نابێت. چاندنی گێڵاس لەو ناوچانەی هاوینیان وشک و سارد‌ە کە پلەی گەرمی لە مانگی حوزەیران و تەموز و ئاب دەگاتە (15.5) پلەی سەدی دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی گێڵاسێکی شیرینی تام خۆش. بینراوە گۆپکەی گێڵاس زیاتر بەرگەی ساردی دەگرێت بە بەراورد بە گۆپکەکانی داری خۆخ، بەڵام کەمتر بەرگە دەگرێت بە بەراورد لەگەڵ گۆپکەی داری هەرمێ. پێویستییەکانی تەرزە گێڵاسی ترش زیاترە لە پێداویستییەکانی گێڵاسی شیرین بۆ شکاندنی قۆناخی حەسانەوە و متبوون، لە هەمانکاتدا جۆرەکانی توانای زیاتری بەرگەی سەرمای زستانیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ گێڵاسی شیرین.

تەوژمی بای بەهێز و باران بارینی بە خورِ و بەرزبوونەوەی رادەی شێ لە کاتی گوڵکردندا دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لەبەردەم فڕین وجوڵەی میَرووە پیتێنەرەکان و شوشتنەوەی دەنکە هەڵاڵەکان، بای بەهێز دەبێتە هۆی وەرینی رێژەیەکی زۆری گوڵ و بەرەکان، هەروەها لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمدا ئەگەر باران باری ئەوە دەبێتە هۆی قڵیشانی توێکڵ و توشبوون بە نەخۆشیی گەنینی خۆڵەمێشی.

گەشەکردنی گێڵاس لە جۆرەها خاک سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بڕی بەرهەم هاوتەریب دەبێت لەگەڵ بەپیتی خاک و دەوڵەمەندی بە توخمە خۆراکییەکان بە تایبەتی ئەگەر ئەو توخمانە ئامادەبوون بۆ هەڵمژین لە لایان رەگەوە بەوەش بەرهەم زیاد دەکات. باشترین خاک بۆ چاندن گێڵاس بریتییە لە خاکێکی تێکەڵی بەپیت کە ئاو رانەگرێت و هەواگۆڕکێی باش هەبێت و خوێی زیانبەخشی تێدا نەبێت، ئاستی ئاوی زەوی لە 1.5مەتر لەسەر ڕووی زەوی کەمتر نەبێت، هەروەها چاندنی گێڵاس ئەگەری هەیە سەرکەوتوو بێت لە خاکێکی سووک بە مەرجێک ئاو و توخمە خۆراکییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت.

وەرینی گوڵی پەقڵە هۆکارەکەی بۆ گۆڕانکاری لە کەشوهەوا دەگەڕێتەوە، وەک جیاوازی پلەی گەرمی لە نێوان شەو و ڕۆژدا یان لە نێوان ڕۆژەکانی یەک لەدوای یەکی حەفتەدا و هەندێک جار بەهۆی بەرزبوونەوەی رادەی شێ ڕووەدات ئینجا شێی خاک بێت یان شێی هەوا ڕۆڵیان لەم دیاردەیە هەیە، هەروەها هەبوونی بای بەهێز و پاشان بای شێدار. لەکاتی تەواو بوونی پیتاندا و دەستەبەر نەبوونی توخمە خۆراکییەکانی وەک مەگنیسیۆم و زەنک و کالیسیۆم و مەنگەنیز و بۆرۆن و مۆلیبدیۆم کە توخمی زۆر گرنگن بۆ هۆرمۆنەکانی پاڵپشتی لە پیتاندن و تەواو بوونی کرداری بوونی گوڵ بە بەر بەبێ کێشە، بۆیە کۆمەڵەی سەوز بە رادەیەکی زۆر زیاد دەکات لەسەر حیسابی دەرکەوتنی گوڵ و بەر.

چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەم دیاردەیە وەک نارێکی لە کرداری ئاودان یان توشبوون بە تێنوێتی زۆر و زێدە ئاودان کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی شێی خاک بە شێوەیەکی زۆر ئەوەش دەبێتە هۆی خنکانی ڕەگەکان، کە ئەوەش هۆێکە بۆ وەرینی گوڵەکان، لە هەمانکاتدا زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی بە تایبەتی یۆریا هۆکارێکی دیکەیە، هەروەها بەکار نەهێنانی پەینە فۆسفاتییەکان بە شێوەی پێویست و گرنگی نەدان بە پەینی پۆتاسیی و کەمبوونەوەی زۆر لە ئاستی توخمی کالیسیۆم و بۆرۆن لە ڕووەکدا هۆکارە بۆ وەرینی گوڵی پاقڵە.



وەرینی گوڵی پاقڵە و چارەسەرکردن

ئایا سیر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەمانپارێزێت؟



نەخۆشیی کۆرۆنا چینی "Ncov2019"هەمان نیشانەکانی ئەنفلەوەنزایە، بەڵام ئایا سیر کە بەردەوام بۆ توشبووانی نەخۆشیەکانی سەرما و کۆئەندامی هەناسە دەستنیشان دەکرێت وەک خۆپاراستن لەو ڤایرۆسە بەکار بێت ڕۆڵی دەبێت لە چارەسەر کردن؟

"زایتیسۆڤ" دەڵێ کۆ ئەندامێکی بەرگری بەهێز باکی بە نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان نیە و ڤایرۆسی کۆرۆنا بە پلەی یەکەم پەلاماری ئەو کەسانە دەدات کە کۆئەندامی بەرگریان بێ هێزە، بۆیە خواردنی سیر بەرگری جەستە بەهێز دەکات، چونکە ئاوێتەیەکی تێدایە بەناوی Phytoncidesکە ئاوێتەیەکی ئۆرگانی دژ بە میکرۆبە و تایبەتمەندی دژە ڤایرۆسی هەیە، واتا سیر بەرگری جەستە زیاد دەکات و لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەپارێزێت.

بە گوێرەی قسەکانی ئەو شارەزایە ڕووسییە پێویستە سیر بە شێوەیەکی هاوسەنگ بخورێت و زێدەڕۆیی لە خواردنی نەکرێت بۆ نموونە ڕۆژانە دوو لەت سیر بخورێت یەکێکیان لە بەیانیان و دووەمیان لە ئێوارانداا، چونکە خواردنی بڕێکی زۆر لە سیر زیانی بۆ گەدە دەبێت هەروەها سیر زیان بەخشە لە کاتی هەبوونی برین و هەوکردن ونزم بوونی ترشی نێو گەدە.

(فلادیمێر زایتسۆڤ) پزیشکێکی تایبەتمەندە بە نەخۆشییەکانی لوت و گوێ و قوڕگ لە ڕووسیا باس لە سوودەکانی سیر دەکات بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی "کۆرۆنا" کە لە ووڵاتی چین سەریهەڵداوە و بۆ ژمارەیەکی زۆری ووڵاتی جیهانی گواستراوەتەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئەرگومینتی ئای فاکتی" ئەو شارەزایە ڕووسییە دەڵێ: نیشانەکانی توشبوون بە

مەترسییەکانی کەمی ڤیتامین C لە جەستەدا



لە کاتێکدا کە مرۆڤ بۆ ماوەی 20 خولەک توشیی دڵەڕاوکێ دەبێت زیاتر لە 300ملیگرام لە ترشیی ئەسکۆربیک لە دەست دەدات، واتا زۆر لە ئێمە دووچاری کەمی ڤیتامین Cهاتووین، بەڵام ئایا کەمی ئەو ڤیتامینە لە جەستەدا مەترسیی چی هەیە؟:

(ئیرینا فیچەر سکایا) کە ئامادەکاری پەرتووکی (100خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامین C)یە دەڵێ: ئەگەر سیستەمی خۆراکی سەوزە و میوەی تێدا نەبوو بە تایبەتی لە کەشی ساردا یان کەسەکە توشیی دڵەڕاوکێیەکی زۆر هاتبوو ئەوە بە دڵنیاییەوە ڤیتامین Cلە جەستەیاندا کەمە. دڵە ڕاوکێ و شڵەژانی دەروونی بۆ ماوەی 20خولەک دەبێتە هۆی لەدەستدانی زیاتر لە 300ملیگرام ترشیی ئەسکۆربیک (ڤیتامین Cلە ڕۆژێکدا، مرۆڤی پێگەیشتوو لە ڕۆژێکدا پێویستی بە 100-90 ملیگرام ڤیتامین Cهەیە، شایانی ئاماژەیە ئەوانەی جگەرە دەکێشن لە چوارچێوەی مەترسی دان، چونکە هەر جگەرەیەک بڕی (30-25)ملیگرام ڤیتامین Cکەم دەکاتەوە واتا لە کاتی کێشانی 3جگەرە لە ڕۆژێکدا هۆکارە بۆ ئەوەی کەسەکە ڕیژەی ئەو ڤیتامینە لە جەستەیدا کەم بێت.

هەروەها (سکایا) دەڵێ: بەهۆی ئەوەی جەستەی مرۆڤ ڤیتامین Cبەرهەم ناهێنێت بۆیە بڕی ئەو ڤیتامینە بە خێرایی کەم دەکات، یەکەم نیشانەکانی کەمی ڤیتامین Cبریتییە لە بێهێزی و خەوالووی بەردەوام و هەستکردن بە سەرما و خوێنبەربوون لە پووک لە کاتی خاوێنکردنەوەی دەدان و دەرکەوتنی پەڵەی شین لەسەر پێست کە وشک دەبێت.

بە تێپەڕبوونی کات کەمی ئەو ڤیتامینە لە جەستەدا مەترسیی گەورەی لێ دەکەوێتەوە بە دەوالی دەستپێدەکات و لێدانی دڵ نارێک دەبێت و ئازاری جومگەکان هەستی پێدەکرێت. لە کاتی کەمبوونی ڤیتامین Cخانەکانی جەستە دروست نابێت، کاتێک کە ئەو ڤیتامینە زیاد دەکات لە جەستەدا ئەوە بەرگری جەستە بەرز دەبێتەوە و ژەهرەکان دەردەدرێتە دەرەوە و هۆرمۆنەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەرهەمدێن.

ئەو شارەزایەی بواری خۆراک ئاشکرایکرد کە ڤیتامین Cجەستە لە نەخۆشییەکانی وەرزی ساردی و ئەنفلەوەنزا ناپارێزێت وەک چۆن لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە باوە. لێکۆڵینە زانستییە نوێیەکان سەلماندوویانە ئەو کەسانەی کە ڤیتامین Cیان زۆر خواردووە بە هەمان شێوە تووشیی نەخۆشییەکانی وەرزی سەرما دەبن، ئەو ڕاستییەش لە گرنگی ڤیتامین Cکەم ناکاتەوە، چونکە تەنانەت بۆ جوانیش گرنگە بە بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی کۆلاجین هەروەها لە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پێداویستییەکانی جوانکاری بەکار دێت.

شایانی ئاماژەیە لیمۆ و پرتەقاڵ دەوڵەمەندترین میوە نین لە ڕووی دەوڵەمەندی بەو ڤیتامینە ، تەنها 100 گرام لەوانە 52ملیگرامیان لە ڤیتامین Cتێدایە، لە کاتێکدا 100گرام لە کەرەوز نزیکەی 200ملیگرام ڤیتامین Cتێدایە و 100گرام بیبەری سوور 165ملیگرامی ڤیتامین Cتێدایە، تەنانەت لە بڕۆکۆلی و تووریش بڕێکی زیاتر هەیە لەوەی لە مزرەمەنییەکاندا هەیە. ئەو شارەزایەی بواری خۆراک ئامۆژگاری خواردنی بیبەر لە گەڵ گۆشتی سوور دەکات بۆ ئەوەی هەڵمژینی ئاسن باشتر بێت.

گرنگی شیر بۆ کەسی بە تەمەن



هەر وەک چۆن خواردنەوەی شیر گرنگە بۆ منداڵ و هەرزەکاران بە هەمان شێوە خواردنەوەی شیر سوودی زۆری هەیە بۆ ئەوانەی بەتەمەنن یان پیرین.

خواردنەوەی یەک کوپ لە شیر ئەگەری هەیە ئەم سوودانەی هەبێت:

یەکەم. ئێسقانەکانت بەهێز دەکات.

دووەم. شیر گرنگە بۆ خوێن و ماسوڵکەی تەندروست.

سێیەم. شیر هاوکارە لە کۆنترۆڵکردنی فشاری خوێن.

چوارەم. چارەسەری ئێسکە نەرمە دەکات.

پێنجەم. گرنگە بۆ تەندروستی پێست.

شەشەم. شیر بەسوودە بۆ تەندروستی دەم.

حەوتەم. هاوکارە بۆ ڕێگاگرتن لە ترشی گەدە.

هەشتەم. نینۆکەکان بەهێز دەکات.


نۆیەم. بەرگری جەستە بەهێز دەکات.

بەڵام ئایا پێویستە ڕۆژانە چەند شیر بخورێتەوە؟

لە ڕووی زانستییەوە پێویستە ڕۆژانە 3کوپ شیری کەم چەوری بخورێتەوە بۆ ئەوەی 100%کالیسیۆمی پێویست و 75%ڤیتامین D، شانبەشانی فۆسفۆر و پۆتاس و ڤیتامین B12ڤیتامین Aدابین بکات.

یەک کوپ شیر نزیکەی 120یەکەی گەرمی (کالۆری) دابین دەکات بۆ جەستەی مرۆڤ.

ڕۆناڵدۆ مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ یوڤی دەنوسێتەوە



سوڵێمان سلێمان

کریستیانۆ ڕۆناڵدو بۆ یەکەمجار لە مێژووی یانەی یوڤی دا کە بەشداری لە 10یاری خولی تۆپی پێی ئیتاڵی بکات و لە هەر 10یارییشدا، گۆڵ تۆمار بکات.

هەروەها ڕۆناڵدۆ لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوودا گۆڵێکی لە خولەکی 55تۆمار کرد بەڵام یوڤی ئەو یارییەی دۆراند بە ئەنجامی 2-1 .جێی ئاماژەیە ڕۆناڵدۆ تەنها لەم وەرزەدا 20گۆڵی تۆمار کردووە لە 20یارییدا، ڕۆناڵدۆ سێیەم یاریزانە لە میژووی خولی ئیتاڵیا بۆ تۆپی پێ کە تەنها لە بەشداریکردنی لە 10یاری لەسەر یەک گۆڵ تۆمار بکات و کەس ناتوانێ ڕکابەری بکات.

ئەمڕۆ لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستاندا:

چەمچەماڵ بۆ قایمکردنی پێشەنگ میوانداری خاک دەکات



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ سێشەممە لەیارییەکانی گەڕی یازدەهەمینی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکەکانی کوردستان کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ چەندین یاری گرینگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەیاریگای یانەی کۆیە، هەردوو یانەی کۆیە وئاسۆ ڕووبەرووی یەکتردەبنەوە، کۆیە لەم یارییەدا دەیەوێت براوە بێت و 3خاڵی یارییەکە لەنێو خاکی خۆیدا دەستەبەربکات، لەکاتی بردنەوەی کۆیە لەیارییەکەی ئەمڕۆ کۆی خاڵەکانی دەبێتە 18خاڵ وڕکابەری لەسەر پلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە دەکات، لەبەرانبەردا یانەی ئاسۆ بۆگەیشتن بە پلەکانی پێشەوە پێویستە بۆ بردنەوە یاری بکات تا چەند هەنگاوێک لەپلەکانی پێشەوە ڕیزبەندی خولەکە نزیکتر بێت، یانەی ئاسۆ لەکۆی 6یاریدا خاوەنی 10 خاڵە، لەکاتێکدا ئەگەر لەیارییەکەی سبەی براوە بێت، ئەوا کۆی خاڵەکانی دەبێتە 13 خاڵ و چەند هەنگاوێکی باش بۆ پلەکانی پێشەوە دەهاوێژێت.

لەیاری دووەمداو لەیاریگای چەمچەماڵ، یانەی چەمچەماڵ میوانداری لەیانەی خاک دەکات، ئەم یارییە بۆ چەمچەماڵ تارادەیەکی زۆر گرینگە، بەتایبەتی ئەگەر لەیارییەکی سبەی بەرانبەر خاک سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا پێشەنگی یانەکان قایمتر دەکات ، لەبەرانبەردا یانەی خاکیش کەخاوەنی 8 خاڵە لەپلەی دەیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیر بووە،بۆیە یانەی خاک نایەوێت لەیارییەکەدا بەدۆراندن یاریگاکە جێبهێڵێت و هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ تابەهەر نرخێک بێت 3خاڵی یارییەکە لەسەر دەستی یانەی چەمچەماڵ بەدەست بهێنێت کەئەمەشیان زۆر ئەستەمە ، بەڵام لەتۆپی پێی دا هەموو شتێک ڕوودەدات.

هەر ئەمڕۆش ئەم یاریانە ئەنجام دەدرێت:
سەیدسادق- ئاشتی
هەڵۆ - خانەقین
ئاکرێ- شەقلاوە
ئالتوون کۆپری- ڕزگاری

بۆ یەکەمجار لەمێژوودا

دوو یانە نۆ لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا دەچوێنن



یاریی کۆتایی جامی سووپەری ژاپۆنی بۆ تۆپی کە لەنێوان هەردوو یانەی قیسیل کوبی و یوکوهانا ئێف مارینۆس بەڕێوەچوو ، حالەتێکی دەگمەن هاتە پێشەوە کە یەکەمجارە لەمێژووی یەکلاکردنەوەی سزادا لەنێوان دوو تیپ ڕوودەدات.

دوای ئەوەی یارییەکە 3-3 گۆڵ بۆ هەردوولا تەواو بوو ، پەنا بردرا بۆ یەکلایی کردنەوەی سزا و یاریزانانی هەردوولا پێشبڕکێیان دەکرد لە چواندنی گۆڵ، بەشێوەیەک کە هەردوولا لە 14 پەنالتی، نەیانتوانی 9پەنالتی گۆڵ تۆماربکەن، کە ئەمەش یەکەمجارە لەمێژووی تۆ3ی پێدا دوو یانە 9پەنالتی بچوێنن و نەتوانن گۆڵ تۆماربکەن.

نەیمار: لە مۆندیالی داهاتوودا چوار هەڵبژاردە ڕکابەریی بەرازیل دەکەن



تیتی لە پێشەوایەتیکردنی هەڵبژاردەی بەرازیل، زۆر یارمەتیمان دەدات، بەختمان لە بەدەستهێنانی مۆندیال زیاتر بووە، من لە ئایندەی سامبا زۆر گەشبینم. ئاماژەی بەوەشکرد: چەندین ساتی ناخۆشم بینی، دوای ئەوەی تووشی پێکان بووم و لە کۆپا ئەمریکا دابڕام، ناچار بووم لەسەر پەیژەکانەوە یارمەتی هاوتیپەکەنام بدەم. نەیمار لە بارەی داڤی کووپی وتی: ئەو وەکو من شەیدای وەرزشە، حەز دەکات لەگەڵ هاوڕێکانی یاری تۆپی پێ بکات، بەڵام لەمن جیایە، ئەو زۆر شەیدای تۆپی پێ نییە، ئەو کەیفی بە میسی، مباپێ و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دێت، بۆیە کاتێک یاری قیدیۆیی دەکات، هێڵی هێرشبردنی لەو سێ یاریزانە دروست دەکات، زێدەباری خۆم. نەیمار ئەوەی ئاشکرا کرد، ڕۆناڵدینیۆ، ڕۆبینیۆ و وەکو ئارسۆر، سیبولینها ، ریچارلسۆن، دێڤید نێریز، باکیتا ، گابیگۆل، ڤینیسیۆس جونیۆر و ڕۆدریگۆ هەن، پێشبینی دەکەم پێش مۆندیال بەهرەمەندی دیکەش دەرکەون.

وتیشی:بە ردەوامی نەیمار داسیلڤا ، ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی پاریس سان جێرمان، چوار هەڵبژاردەی پالاوت، کە ڕکابەریی بەرازیل بکەن لە مۆندیالی 2022دا. نەیمار، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ مالپەڕی فیفا وتی: هەڵبژاردەکانی فەرەنسا ، بەلژیکا ، ئینگلتەرا و ئەرژەنتین، دەپالێوم ڕکابەری ئێمە بکەن لەسەر نازناوی مۆندیالدا. هەروەها وتی: هەڵبژاردەی بەرازیل زۆر بەهێز بووە و چەندین یاریزانی بە ئەزموون و لاو لە ریزەکانیدا هەن، یاریزانی لاوی میسی، ئەو سێ یاریزانەن کە چێژ لە سەیرکردنیان وەردەگرم، ئەوەشی خستە سەر: لە یارییەکانی دیکەدا، چێژ لە گابرییێل میدینا ، ستیڤان کۆزی و لیبرۆن جیمس دەبینم. نەیمار لە بارەی تیپەکەی پاریس سان جێرمان وتی:تیپەکەی ئێستا بەوە وەسف ناکەم، کە بەهێزترینە لە میژووی یانەکەدا، بەڵام وا هەست دەکەم کەشوهەواکە جیاوازترە، متمانەی زیاتر هەیە ، ئەوەش بە تێپەڕبوونی کات، زیاتر یارمەتیمان دەدات.

ڕەمزی میرەکانی

فیدرێر و نادال ڕیکۆردی ئامادەبوونی جەماوەریان شکاند

48 هەزار کەس لە کیپ تاون لە خواروی ئەفریقای سەیری ڕووبەڕووبوونەوە نمایشکارییەکەی نێوان ڕۆجی فیدرێر و ڕافایل نادالی هەردوو ئەفسانە بوون، کە ئەمەش گەورەترین ژمارەی ئامادەبوونی جەماوەرە لە یارییەکی تینسدا.

ئەم بۆنەیەش لە پێناو پشتگیری ئەو دەزگایە خێرخوازییەدابوو کە بەر لە 16ساڵ غیدرێر بۆ فێربوونی منداڵانی شەش وڵاتی ئەفریقیا دایەزراندبوو ، وڵاتەکانیش بریتین لە خواروی ئەفریقیا ، ناميبیا ، بۆتسوانا ، زامبیا ، زیمبابوێ.

لەمبارەیەوە فیدرێر دەڵێت: بەهیوای ئەوە یارمان کرد تا بتوانین ملیۆنێک دۆلار کۆبکەینەوە تا ئەو دەزگایە خزمەتی زیاتری منداڵان بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Tue.11. Feb. 2020 No: (5930)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ڕێکخراوی (کوردستان فۆتۆ) 10 بووک و زاوای خەڵات کرد



بەرهەم:
ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ ١٠ بووک و زاوای خەڵاتکرد. لە 2/8 بەبۆنەی پێنجەمین ساڵیادی (ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ) لە ئیڤێنتێکدا، کە لە سەنتەری ڕۆشنبیریی قەڵای هەولێر سازکرابوو، ئەلبوومی وێنەیی بۆ 10 بووک و زاوا دروستکرا، کە ڕێکەوتی هاوسەرگیریان لەو ڕۆژەدا بوو،کوردستان فۆتۆ وەک و دیاریی ئەم ئەلبومەی بۆدروست کردن، کەیەکەم جارە کارێکی لەو جۆرە بکرێت.



قەڵای هەولێر وێنەکانی (فەیسەڵ عوسمان)ی لەئامێز گرت

بەرهەم شێخ عزەدین: ڕاگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بەخەباتی گوت: لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بە هاوکاری کۆمسیۆنی بالای بوژانەوەی قەڵای هەولێر، دوێنێ کاتژمێر 11ی بەیانی لە قەڵای هەولێر – سەنتەری ڕۆشنبیری ،بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەمیوان و هونەردۆستان پێشانگای هونەرمەندی شێوەکار (فەیسەڵ عووسمان)ی کردەوە ئەم پێشانگایە ڕۆژانی دوایی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت لەکاتژمێر 10ی بەیانی تاوەکو 5ی ئێوارە.

چای سەوز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سیل



لە ماڵپەڕی میدیکال ئێکسپرێس ، بابەتێک بە ناونیشانی " کاریگەری چای سەوز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سیل "، بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە :توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە پێکهاتەی نێو چای سەوز دەتوانێت ڕێگری لە گەشەکردنی خانەکانی نەخۆشی سیل بگرێت . پێکهاتەی " ئیی جی سی جی "، لە ڕێگەی پەیوەند بە ئانزیمێک و دابینکردنی وزەی بیولۆژیکی بۆ چالاکی خانەکان، ئەو کارە ئەنجام دەدات .لەو بارەیەوە ، گرهاد گروبەر"، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە ، گوتی : ئەو خانانە بۆ ئەنجامدانی پروسەی مانەوەیان لە ژیان بە شێوەی دیوارێک پێوستیان بە وزە هەیە . ئەوان ئەو وزەیە لە جۆرێک ئانزیم یا پرۆتینێن بە ناوی " ئەی تی پی " دابین دەکەن. بە بێ وزە بۆ چالاکییەکانی زەروی خانەکە ، خانە توانایی و مانەوەی لە دەست دەدات و لە کۆتاییدا دەمرێت .بۆیە توێژەران دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە سەر 20 پێکهاتە بۆیان دەرکەوت کە تەنها " ئیی جی سی جی "، بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە نێو چای سەوز دا بوونی هەیە، دەتوانێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی وزە لە خانەکاندا.

بگرێت .توێژەرانی زانکۆی تەکنیکی نانیانگ لە سەنگاپوور لە تاقیکردنەوەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە چۆن پێکهاتەی نێو چای سەوز کە بە " ئیی جی سی جی "ناسراوە دەتوانێت ڕێگری لە گەشەکردنی خانەکانی نەخۆشی سیل بگرێت . پێکهاتەی " ئیی جی سی جی "، لە ڕێگەی پەیوەند بە ماڵپەڕی میدیکال ئێکسپرێس ، بابەتێک بە ناونیشانی " کاریگەری چای سەوز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی سیل "، بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە :توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە پێکهاتەی نێو چای سەوز دەتوانێت ڕێگری لە گەشەکردنی خانەکانی نەخۆشی سیل بگرێت . پێکهاتەی " ئیی جی سی جی "، لە ڕێگەی پەیوەند بە

گوگڵ هەواڵی ڕاست و هەڵبەستراو لێک جیادەکاتەوە



هەردەوان: کۆمپانیای گوگڵ لەم هەفتەیەدا تایبەتمەندییەکی نوێی ڕاگەیاند بۆ چاودێریکردنی ناوەرۆکی بابەت و هەواڵەکان، ئەویش بە زیادکردنی نیشانەکانی بەدواداچوون و دەرخستنی ڕاستی لە هەواڵ و ئەنجامی گەرانەکاندا. لە ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ٩ نیسانی ٢٠١٧ کۆمپانیای گوگڵ لەگەڵ هەردوو گەشەپێدەرانی وێبسایتەکانی بەدواداچوون لە نموونەی (politifactوsnopes) بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ملیۆنەها هەواڵ و وتار و بابەت دەکۆڵێتەوە.کۆمپانیای گوگڵ کاردەکات لەسەر زیادکردنی نیشانەی باشی و ڕەسەنی بۆ هەڵسەنگاندنی هەواڵەکان، لە دەرئەنجامی ئەوەش ، بوار دەرەخسێت بۆ زیاتر وردەکاری و جۆراوجۆری سەرچاوەکان، ئەوەش جێی بایەخە لەم بابەتەدا ئەوەیە کە تەحریرکردنی بابەت و هەواڵەکان لەژێر کۆنترۆڵی یەک لیژنەو یەک کۆمپانیادا نابێت. ئەو تایبەتمەندییەش ڕێگە دەدات بە نووسەران و بڵاوکراوەکان کە هەڵسەنگاندن بکەن بۆ تەحریر و پێداچوونەوەی کاری بەرامبەرەکانیان، کە بواریش دەدات بە بەکارهێنەران بۆ گومانکردن لەو زانیارییانەی کە لەسەرچاوەی جیاوازن ، بە تایبەت لە وێبسایتێکی وەک ویکیپیدیا.

ئەو نیشانەیەی کە گوگڵ دەیخاتە سەر بابەتەکان بۆسەر هەموو ئەنجامی گەڕانەکان دەرناکەوێت، بەڵکو تایبەت دەبێت بەو بابەتانەی کە زۆر ڕەسەن و پەیوەنددارن، بە تایبەت هەواڵە بەپەلەکان و گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا. لەبەیاننامەیەکدا کۆمپانیای گوگڵ بڵاویکردەوە، ئەو زانیاریە بۆ هەموو ئەنجامی گەڕانەکان بەردەست نابن.گوگڵ پلانی ئەوەشی هەیە کە پرۆسەی ساغکردنەوە و گەڕانەکان زۆر ئاشکراو ڕوون بن، بەشێوەیەک بەکارهێنەران بتوانن کاریگەن لەسەر پێدانی تاقیکردنەوەی بابەتەکان و بڕیاردان لەسەر ئاستی جیهان لەبەردەستدایە.

تا ئێستا نەبۆتە کلتوور، پارە بەوێنەیەکی دروستکراو بدرێت
ژاڵە بەکر: ئەو کارانەم لاپەسەندە کە بەزمانێکی سادە لەگەڵ بینەر بدوێن



دیمانە:وریشە عومەر

ژاڵە بەکرخدر، لە دایکبووی سلێمانی ساڵی 1990، وەک هەر منداڵێکی دیکە سەرەتا بە وێنەکێشان دەستپێکردووەو حەز و خولیایەکی زۆری هەبووە بۆ ئەو هونەرە. لە قۆناغی ناوەندیدا مامۆستای هونەر لە ژوورێکی تایبەت بە وێنەکێشان بەستایل لایف وێنەی پێدروست ئەکردین و هەمیشە وێنەکانی منی لا پەسەند بوو، هەر چەند ئەزموونێکی کەم بوو، بەڵام وردە وردە خەریکبوو خۆم تێیدا ئەبینییەوە کە دەتوانم بەرەو پێش بچم و چاوەڕوانی کاری گەورەتر بکەم، تەنانەت ڕۆژانە بێ وچان بە شێوەیەک هەرچیم دەبینی حەزم ئەکرد وێنەیەکی لێ هەڵگرمەوە، ئەمە هۆکارێک بوو کە لە خوێندن دوا بکەم و بە پێی پێویست فریا نەکەوم ئەرکی ڕۆژانە جێ بەجێ بکەم تا کار بە گۆڕینی خوێندنگاکەم گەیشت بۆ ئەوەی لە کەش و هەوایەکیتردا بتوانم تۆزێک لە وێنەکێشان دوور بکەمەوە، بە بڕوایی من مرۆڤ ئەتوانێ تا ماوەیەک ئەگەرچی دووریش بێت لە خەونەکانی دوور بکەوێتەوە، بەڵام ناتوانێ بۆ هەمیشە خۆی لێی دوورکەوێتەوە.



کەینی تابلۆ تاچەند هۆکار دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی هونەری شێوەکاری؟

تائێستا نەبۆتە کلتوور پارەبدرێتە وێنەیەکی دروست کراو، هەمیشە بەکەم لەکارێکی دەستپیان ڕوانیوە، بەپێچەوانەوە لەوڵاتان سەنگێکی گرانی هەیە، هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی هونەر زۆرن چ لای هونەرمەند خۆی و لای هاووڵاتیان، وابیربکەوەکاتێک تۆ تابلۆیەک دەکرێت بەشێک لەڕێانی ئەوهونەرمەندەت کریوە، بەوشێوە دەتوانی بەشێک بێت لەپێشخستنی هونەری شێوەکاری."

لەچی نیگەرانیت؟

لەباوەڕخەی ئێستای هەرێمی کوردستان کەژمارەیەکی زۆر دانەمەزراوی دروستکردووە، لەوگەنجانە نیگەرانم کەئەم هەلەیان نەقۆستۆتەوە بۆ ئەوەی توانا کانی خۆیانی تێدا فەراهەم بهێنن، لەمانەوە دەست بەتاڵ دانیشتوون، ئەوەشی بەهرەمەندی خۆی لەکارێک داسەرفکردوەو کاری تایبەت بە خۆی هەیە بەداخەوە کەمینەن."

حەزدەکەیت چی تابلۆیەک بکێشیت وێنەکەشی کێی بکەیت؟

حەز دەکەم تابلۆی هونەرمەند"موحسین چاوشی" بکەم، چونکە بەهەقەت قەرزاری ئەوئحساسە جوانانەیم کەلەگۆرانیەکانی ئەوەوە لەکاتی وێنەکێشان وەچنگم ئەکەوێت.

خەونت چییە ؟

وەک هەرگەنجێک بەدەرنین لەخەون و خولیای تایبەت بەخۆم، ئەوەی ئێستا پێی گەیشتوم خەونی منالییم بووە هەمیشەش حەزم کردوە باشتر جێگای خۆم لەدڵی هونەردا بکەمەوەو ببمەکەسێک میژوو شانازییمان پێوەبکات.

پڕدەرچوانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچوونیان بەردەوام نابن؟

بەداخەوە زۆرجار ئەو مافە نادرێ بە خوێندکار کە بەحەزی خۆی ئەو بەشە هەڵبژێرێت کەدەیەوێت، کەحەزوخۆشەویستیشت نەبوو بۆ ئەوبەشە ئەگەر بێت و ببێتە مامۆستاش ناتوانێ بەشێوە ڕۆحانی و مەعریفیەکە هونەریان پێبناسێنیت،کەهەر ئەمە دەکرێت هۆکاری دووەمی بەردەوام نەبوون بێت بۆیە لەجیاتی ئەوەی بێت هونەری لاخۆشەویست کات بەپێچەوانەوە هونەری لەبەرچاو نەخات لێرە مامۆستای هونەر پیشەیە نەک عەشق.

چ شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

ئازار،هیچ تاکێک لەئێمە بەدەرنیە لەئازار جاهەر لە منداڵێکەوە کە پارەی ژەمێک خواردنیکی گەرمی نییە تا بە ساڵاچوویەک کۆتا ساتەکانی ژیانی بە هەناسەیی ئاسوودەیی بنوێت، بەرجەستەکردنی ئەم ئازارە کاردەکاتەسەردەروونی بینەرو وائەکات بۆماوەیەک تێبفکرێت، من ئەوکارانەم لاپەسەندە کەبەزمانێکی سادە لەگەڵ بینەر بدوێت.

کامانەن ئەو تابلۆیانەی کە زۆر شانازیان پێوەدەکەیت؟

شانازی بەهەموو تابلۆکانمەوە ئەکەم جا بۆهەرکەسێکم کێشابێت،تابلۆ وەک منالی هونەرمەند وایە ناتوانی بڵێیت ئەوەیانم لەهەموویان خۆشترنەوێت، بەڵام ئەو تابلۆی لەم دواییە بۆ ئازارەکانی ڕۆژئاوام دروستکرد و بووە ڕەمزی نەتەوەیەک لەڵام زۆرتایبەتە جگەلەوە هاوخەمییە بۆ ڕۆژئاوا، کۆمەڵێک تەکنیک و ڕێبازی هونەریم تێدا بەکارهێناوە کەجیای ئەکاتەوەلەتابلۆکانی ترم.

خاوەنی چەند پێشەنگایەت و لەچەند پێشنگابەشداریت کردووە؟

لەبەرئەوەی من زۆرتر لەسەرداوای خەڵک وێنەدەکەم و خواست لەسەرئیشکەم زۆرە تائێستا نەبوومەتە خاوەنی پێشانگای تایبەت بەخۆم،هیوادارم لەداهاتودا دەرفەتی ئەوەم هەبێت، بەڵام لەوکاتەوەی دەستم بەکاری وێنەکێشان کردووە کەدەکاتە ساڵی 2015ساڵانە بەشداری پێشانگای هاوبەشی سەنتەری گەنجانم کردوە،هەروەها بەشداری پێشانگایەکی هاوبەشی کۆمەڵەی بەهرەوەرانی کوردم کردوە، و لەئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی تابلۆم بۆپێشانگایەکی تایبەت بەپێشمەرگە لەگەڵ "گرووپی هونەری کوردستان "کەتایبەتە بەوێنەی پێشمەرگە لەهەرچوارپارچەی کوردستان، شێوەکاران لە هەموو ناوچەکان تێیدا بەشدارن..

بۆ لەکوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

هۆکاری بەرەوپێش نەچوونی هەرکارێک نەبونی کەسی شیاوە لەشوێنی شیاو، مامۆستایەک هونەر بەخوێندکار بگەیەنێت کەخۆی عاشقی هونەرەکەبێت، نەک پیشەیەکی ڕۆژانەو بێزارکەربێت لەلای.

هاوڵاتیان تاچەند تابلۆی خۆمالی واتابەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟

